# کۆڕیادی ١٠١مین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی

# مامۆستا حەسەن قزڵجی

**نوامبری ٢٠١٦**

**کۆڵن - ئاڵمان**

بنکەی "روشنگری"

ناوی کتێب: کۆڕیادی ١٠١مین ساڵرۆژی لەدایکبوونی مامۆستا حەسەن قزڵجی
دیزاینی بەرگ: چیمەن ئیلخانیزادە
دیزاینی ناوەوە: مەسعوود ڕەواندوست
نۆرەی چاپ: یەکەم ٢٠١٧، ئاڵمان
بڵاوکراوەی بنکەی"روشنگری"

مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە

# پێرست

پێشەکی ........................................................................................... ٥
چۆن مەلایەکی دوازدە عیلم بوو بە نەتەوەییەکی دڵسۆز و کومۆنیستێکی خاوەن بڕوا..٧
مامۆستا قزڵجی لە مێژووی کۆماری کوردستاندا............................................... ١٥
پردەکانی جوانی!......................................................................................... ٣٣
تەنز لە چیرۆکەکانی مامۆستا حەسەن قزڵجیدا ............................................. ٥١
مامۆستا قزڵجی لە چێشتی مجێوردا .............................................................. ٦٣
سەفەری سۆفیا............................................................................................ ٧٣
به یاد استاد قزلجی ..................................................................................... ٧٧
طنز در آثار ................................................................................................. ٨٥
استاد حسن قزلجی ..................................................................................... ٨٥
پەیامەکان.................................................................................................... ٩٩
پەیامی مامۆستا عەبدوڵلای حەسەنزادە ....................................................... ١٠١
پەیامی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان .................................................. ١٠٥

# پێشەکی

ڕێککەوتی ٢٦ی نوامبری ٢٠١٦ بە بۆنەی ١٠١مین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی مامۆستای پایەبەرزی ئەدەبی کوردی، ڕۆشنبیر و تێکۆشەری ڕێگەی ڕزگاری کوردستان مامۆستا حەسەنی قزڵجی کۆریادێك لە شاری کۆڵنی ئەڵمان بەرێوەچوو. بەشدارانی ئەم کۆڕە لە بوار و ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە باسی ژیان و بەرهەمەکانی مامۆستا قزڵجی، هەروەها بارودۆخێکیان کرد کە مەلایەکی نیشتمانپەروەری ئایینی کرد بە ڕاوێژکاری حیزبێکی کومونیست و تێکۆشەرێکی چەپ کە لە پێناوی ئازادی کوردستان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سیاسی پتر لە سێ دەیە لە تاراوگەدا ژیا و لە کۆتاییشدا لە بەندیخانەی ئێوینی تاران پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر شەهیدکرا.

لەم کۆڕیادەدا وەرگێڕدراوی کتێبی "پێکەنینی گەدا" بە فارسی خرایە بەردەستی بەشداران‌و بۆهەوەڵین جار کۆی چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدا و چەند بابەتێکی دیکەی مامۆستا لە کتێبێکدا بە فارسی بڵاوکرایەوە هەتا بەم چەشنە شاکارە ئەدەبی‌یەکانی مامۆستای نەمر بە زمانێکی بیانی بکەوێتە بەردەستی ئەو کەسانەی کە هۆگری ئەدەبیاتی کوردین. لەم کۆڕیادەدا پەیامەکانی مامۆستا عەبدوڵلای حەسەنزادە، مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان، هەروەها کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانیش خوێندرایەوە.

لە کۆتایدا هەر وەکو مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستانیش لە پەیامەکەیدا پێشنیاری کردبوو، بەشدارانی ئەم کۆڕە داواکارییەکیان واژووکرد کە لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەری ئەم کۆڕەوە ڕوو بە سەروکایەتیی هەرێمی

کوردستان ئامادە کرابوو. لەم داواکارییەدا داوا لە بەرپرسانی حکوومەتی کوردستان کراوە هەتا لە هەولێری پێتەخت بە دانانی پەیکەری مامۆستا قزڵجی یاخود ناونانی شەقامێك بە ناوی ئەم بلیمەتە هەروەها بە چاپکەیاندنی سەرجەم مێژووی خەبات و نووسینە ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی، پشکی خۆیان لەم یادە پیرۆزەدا دەستەبەر بکەن و وەکوو حکوومەتی هەرێم لە بەرز ڕاگرتنی ئەو کەسایەتییە ئەدەبی و خەباتکارەدا، دەور ببینن.

کۆمیتەی کۆڕی ڕێزگرتن لە مامۆستا حەسەن قزڵجی

# چۆن مەلایەکی دوازدە عیلم بوو بە نەتەوەییەکی دڵسۆز و کومۆنیستێکی خاوەن بڕوا

ئەنوەر سوڵتانی



*"ئەم وتارە لە کۆڕیادی ڕۆژی ٢٠١٦/١١/٢٦ی نەمر مامۆستا حەسەنی قزڵجی لە شاری کۆڵنی ئاڵمان، بە بێ نووسراوە، پێشکەش کرا و ئێستا هەوڵ دەدەم بیهێنمە سەر کاغەز. واهەیە دوو بابەتەکە دەقاودەق وەك یەك دەرنەیەن، بەڵام گەوهەرێکی هاوبەشیان هەیە و هەردوکیان دەربڕی یەك ڕوانگە و بۆچوونن. با لەپێشدا ئەو خالەش روون بکەمەوە: بەداخەوە کەم واهەیە لە هەڵسەنگاندن و*

*شیکردنەوە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکاندا بتوانرێت یاسایەکی گشتی بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان و تەنانەت لە یەك پارچەشیدا، بۆ هەموو بەشەکانی بگیرێتە بەرچاو. بۆ نموونە، هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەی لە کرماشان گوزەراوە، گەلێك جار جیاواز بووە لە ڕووداوەکانی ئەردەڵان یان موکریان، یان باکوورتر لە ناوچەی ژیانی کوردی هەرکی و شکاك و جەلالییەکانی ماکۆ. لەم وتارەدا تەرکیز لە سەر موکریان دەکرێت."*

نەسلی ئێمە (ئەوانەی لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا هاتووینەتە جیهان)، نەسلێکی بەختەوەر بوو. یەك دوو نەسل پێشتر، بۆ ڕزگاری لە داو و بەندی نەریتی کۆن و ژیانی ناو کۆمەڵگای فیئۆداڵی، خەباتێکی بێوچان کرا و ڕەنجی زۆر کێشرا. نەسلی دوای ئێمەش وەك دەبینین، تووشی شێرپەنجەی داعشی شیعە (کۆماری ئیسلامیی ئێران) و داعشی سوننە (دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام) بووە و ئەو مافانەش کە بۆی دەستەبەر ببوون، لێی زەوت کراونەتەوە.

ئێمە، وەك نەسلی نێوان ئەو دووە، بێ ئەوەی قەدری بزانین، گەلێك خێروبێرمان هاتبووە سەر ڕێ و کەڵکمان لێ بینیبوون: دەرس و مەدرەسەی دەرەوەی حوجرەی مزگەوت، زانستی نوێی مێژوو (جیا لە ئەفسانەی سێ کوڕەکەی نووح پێغەمبەر)، جوغرافیا (جیا لە ئەفسانەی زەوینی تەخت و کێوی قاف و بەحری قولزوم)، فیزیك و شیمی و بایۆلۆژی، چوون بۆ زانکۆ، خوێندن لە دەرەوەی وڵات، ئازادیی هەڵبژاردنی ئیش وکار[١]، ئازادیی لەبەر کردنی جل و بەرگی ئەمڕۆیی، کتێب، ڕۆژنامە، حزبی سیاسی، بیری چەپی پێشکەوتنخواز و گەلێك دیاردەی دیکەمان ئامادە لەبەردەست دانرابوو کە بە ماوەیەکی کەم پێش ئێمە، هیچکامیان بوونیان نەبوو و ئێستاش، ئیسلامی

[١]. پێش ئێمە هەموو کەس بە بێ هەڵبژاردن، دەچووە سەر ئیش و کاری باوك و باپیری و لە زوربەی حاڵەتەکاندا بە زەوییەوە بەسترابووەوە.

سیاسی هەوڵ دەدات بەراوەژوویان بکاتەوە و خورافاتی هەزاران ساڵەیان لە شوێن دابنێت. ئەو دەسکەوتانە بەرهەمی گەلێك ڕووداو و پێشهات و خەبات لە ناوچەکەدا بوون کە دەبێ وەك لیستەش بێت ئاماژەیان پێ بکەم:

- هاتنی ئوروپاییەکان بۆ ناوچەکە؛
- سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات (میرزا جەوادی قازی و ...)؛
- دابینبوونی کەرەسەی هاتوچۆ بۆ شارەکانی تر و کرانەوەی ڕێگای ئەو هاتوچۆیانە؛[٢]
- چوونی کورد بۆ دوو شاری گەورەی فەرهەنگیی لە ناوچەکە، ئەستەموڵ (مەلا سەعیدی بەدیعولزەمان) و تفلیسی گورجستان (عەلیخانی سەردار موکری)[٣] و دەرس‌خوێندن لەو فەزا ئازادانەدا؛
- شۆڕشی مەشرووتە و بەشداریکردنی خەڵکی ناوچەکە لە خەبات دژ بە ئیستیبداد؛[٤]

---

[٢]. هەروا نەسلێك پێش ئێمە، تاجرێکی سەقزی سەبارەت بە سەفەری خۆی لە سەقزەوە بۆ تەورێز لە پشت لۆرییەکی بارهەڵگر سەفەرنامەیەکی نووسی و بەشێوەی کتێبێکی سەرنجڕاکێش بڵاوی کردەوە: مصطفی تیمورزادە، "وحشت سقز-١٢٩٣-١٣٠٢ شمسی"، بە کوشش شهباز محسنی، نشر شیرازە، ١٣٨٠.

[٣]. پێش شەڕی یەکەمی جیهانی، تفلیس بە 'پاریسی ڕۆژهەڵات ناو دەبرا و گەلێك ڕووناکبیری ئێرانی لەوێ خوێندبوویان وەك 'میرزا فەتحعەلی نئاخوندزادە' و 'دەروێش خان'ی مۆسیقار. 'عەلی خانی سەردار'یش بە لاویەتی نێررابووە ئەوێ بەڵام کاتێ تورکی عوسمانی حەمە حوسەین خانی باوکیان لە ساڵی ١٩١٤ دا لە مەراغە ئیعدام کرد، گەڕایەوە بۆکان و لەگەڵ خۆیدا کامێرایەکی وێنەگرتن و دووچەرخە (پاسکیل)ێکی هێنا، کە ناوی 'کەر-ماشێن'یان لێنابوو.

[٤]. بەپێچەوانەی نووسینی ئەحمەدی کەسرەوی و ناظم الاسلام کرمانی، کورد لە خەبات بۆ مەشرووتە و دژایەتی کردنی ئیستیبدا دا، بەشدار بوو. لە کرماشان و سنە و سەقز و مەهاباد ئەنجومەنی پشتگیری لە مەشرووتە پێکهات، لقی 'فیدائیان' بە چاولێکەری لە ئازەربایجان لە سەقز پێکهات، ٢٧ کەس فیدائی لە سەقزەوە چوون بۆ تەورێز و تەنانەت چەند کەسیان بوون بە نیگەهبانی سەتتار خان و لەگەڵ باقرخاندا بۆ شەڕی دژ بە ئیستیبدا چوون بۆ ئەردەوێڵ، لە گەڕانەوەی کوردستان، کاتێ بە کۆڵانەکانی تەورێزدا تێپەڕ دەبوون، خەڵك لە ماڵانەوە نوقڵیان بەسەردا دەباراندن. بڕوانە کتێبی:

- کرانەوەی لقی 'ئازادیستان'ی شێخ محەممەدی خیابانی لە مەهاباد بە سەرۆکایەتی نەمر سەیفولقوزاتی قازی؛
- هاتنی هێزەکانی 'متفقین' بۆ کرماشان و سنە و لە کەیسی ئێمەدا هاتنی سوپای سۆڤیەتی بۆ موکریان؛
- ڕووخانی حکوومەتی ئیستیبدادیی ڕەزاشای پەهلەوی و گەڕانی خوێنی ئازادی بە ڕەگی ژیانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی خەڵکدا لە ئێران بە کوردستانەوە؛
- چوونی نوێنەرانی کورد بۆ باکۆ (دوو جار)؛
- دامەزرانی حزبی خۆیبوون لە باکوور و هیوا لە باشووری کوردستان و کۆمەڵەی ژێکاف لە مەهاباد و موکریان؛
- هاتنی چاپەمەنی کوردی لە باکوور و باشوورەوە بۆ موکریان؛
- دەرچوونی گۆڤاری نیشتمان لە تەورێز؛
- دەرچوونی ڕۆژنامەی کوهستان لە تاران[٥]؛
- دامەزرانی حزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد؛
- سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەد؛

"زندە باد مشروطە، پایندە باد قانون- خاطرات مرحوم حاج شریف نیلوفری"، بە اهتمان عمر فاروقی، نشر گوتار، سقز ١٣٨٨.

[٥]. باوەکوو ڕۆژنامەکە وەك بەشێك لە سیاسەتی حکوومەتی ناوەندی بۆ چەواشەکردنی خەباتی سەربەخۆییخوازیی کۆمەڵەی ژێکاف بڵاو دەکرایەوە، بەڵام خەمخۆریی و دڵسۆزیی سەرنووسەرەکەی، نەمر ئیسماعیل ئەردەڵان (کەتەنانەت دەگوترێ ئەندامی ژێکافیش بووبێت)، ڕیسی دەوڵەتی کردەوە خوری و ئیتر ئەوانیش دوای دوو ساڵ، مۆڵەتی بڵاوبوونەوەی زیاتریان پێ نەدا. لەو ماوەی دوو ساڵەدا گەلێك کەسایەتی سیاسیی کورد بابەتیان تێدا نووسی و لەوانە، مەلاحەسەن و مەلا محەممەد سادق قزڵجی، هەژار، عەلی بەگی حەیدەری و سەعیدی هومایون.

- دەرچوونی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردستان لە مەهاباد[٦] و گۆڤاری هەڵاڵە لە بۆکان[٧]؛
- نوێ بوونەوەی شیعری کوردی لە ناوچەی موکریان بە هیممەتی سەیفولقوزاتی قازی، کە 'نیوەنووزە'ی ناو شیعری نالی و وەفایی کردە بانگەوازی مافخوازیی قانع و هەژار و هێمن و هێدی و خاڵەمین و حەقیقی و نووری؛ و ....

هیچکام لەو دەسکەوتانە سووك و سانا دەستەبەر نەبوون و بە هاسانیش نەگەیشتنە ناو کۆمەڵانی خەڵك. لەپێناو هەر دەسکەوتێکدا خەبات کرا و زەحمەت کێشرا و تەنانەت خوێن ڕژا. پێشڕەوانێك هەبوون کە دەستیان لە خۆشییەکانی ژیان هەڵگرت بۆ ئەوەی ببن بە دەنگی زەمانی خۆیان و لە ڕابردووی کۆن دوور بکەونەوە.

***

قزڵجی یەك لەو کەسانە بوو کە ئەرکی بەشێك لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگای خستە سەر شانی خۆی و لە پێناویدا زەحمەتی کێشا. ئەو بەشێك بوو لە پەیامهێنەرانی مۆدێرنیتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کوڕی مەلایەکی گەورەی وەك مەلا عەلی قزڵجی، نەوەی مەلا محەممەد حەسەن و نەتیجەی عەللامەی قزڵجی، هەموو کەرەسەیەکی بۆ ئامادە بوو کە دوای باوك و باپیری ببێتە گەورە مەلا و ئیمام جومعەی شاری بۆکان، ڕۆژانی هەینی بچێتە ناو میحراب و باسی گۆڕەوشار و پردی سیڕات و مالیکی دۆزەخ و ڕووباری شیر و هەنگوین بۆ خەڵك بکات. بەڵام چی ڕووی دابوو کە ڕێبازی گۆڕی و

---

[٦]. بە سەرنووسەریی نەمر سەیدمحەممەدی حەمیدی

[٧]. بە سەرنووسەریی نەمر حەسەنی قزڵجی

شێوازێکی دیکەی ژیانی گرتە بەر، واتە لەو ئاسمانە خەیاڵاوییەوە هاتە سەر زەویی ڕەقەنی واقیع؟ چۆن بوو دەستی لە ملی حۆرییە حەفتا گەزییەکانی بەهەشت کردەوە و خۆی خستە خزمەت گەلێکی چەوساوەی بێ بەش و خەڵکێکی هەژاری چارە ڕەش؟ چۆن بوو بە نووسەری وتارێکی نەتەوەیی کە پێشەوا قازی محەممەد لە پەسندیدا بڵێت 'بریا زۆری وامان هەبان'[٨] و چۆن بانگی سوسیالیزم و یەکسانیی بەگوێی خەڵکدا دا؟ ئەو ڕێگا دوور و درێژە چۆن بڕا؟ بۆ دۆزینەوەی وەڵام دەبێ چاوێك بە کەسایەتی خۆی و ژینگەی دەوروبەریدا بخشێنین:

یەکەم، ئەو موکریان و کوردستان و ئێرانەی ئەوی تێدا دەژیا، ئەوە نەبوو کە مەلاعەلیی باوکی و مەلا محەممەد حەسەنی باپیری بینیبوویان. حوکمی ڕەزاشا هەڵوەشابووەوە، هەستی نەتەوایەتی کورد دوای شۆڕشی شێخ عوبەیدێللای نەهری و سمکۆ و شێخ سەعید و شێخ مەحموود و بارزان گەیشتبووە ئەوپەڕی هێز.

دووهەم، بیری سوسیالیستی لەو ساڵانەدا باڵی بەسەر هەموو جیهاندا کێشا بوو و بەتایبەت لە وڵاتانی هەژار و ژێر ئیستیعمار و چەوسانەوەدا وەك تاقە ڕێگای ڕزگاری خۆی دەنواند و گەلێك وڵاتی ئەفریقا و ئاسیا سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنابوو، یان لە پێناویدا خەباتیان دەکرد.

سێهەم، سوپای سوڤیەتی لە ناوچەکەدا بوو. یەکیەتی سوڤیەتی هەڵگر یان نوێنەری بیرێکی سیاسی بوو کە تێیدا یەکسانی ماف بۆ هەموو زەحمەتکێشان و گەلانی بێ بەش، دروشمێکی سەرەکی بوو. پێشڕەو و مامۆستایەکی وەك سەیفی قازی[٩] و قانع و هەژار[١٠] وهێمن و زەبیحی بە شان وباڵی سوپاکە و سیستمەکە و ڕێبەری حکوومەتەکەیاندا هەڵگوتبوو.

---

[٨] مامۆستا هێمن، سەرەتا بۆ چاپی 'پێکەنینی گەدا'

[٩] ڕووسوورە هەرکەسێ کە "قزڵ ئوردووە" پەنای / بۆ مە ئەوە بەسە، کە پەنای دیکەمان نییە... قوربانی پێشەوایەکی وا بۆ نەبێ حەسەن؟،،،، تا ڕووس بمێنێ، کاکە، لە تاریخی عالەما / بەیداغیشی کە سوورە، بە خوێنی ڕژاوییە (دیوانی سەیف).

چوارەم، قزڵجی خۆی، وەك نووسەری وتار و سەرنووسەری گۆڤار، لە پەسندی ئەو نیشتمانپەرستی و بەرانبەریی مافەدا بابەتی نووسیبوو[١١] و هەوڵی چەسپاندنی بیر و بۆچوونی یەکسانیی لەناو خەڵکدا دابوو. لە کەسایەتی قزڵجیدا بیری نەتەوەیی وەها ئاوێتەی بیری سوسیالیستی ببوو کە لێك جیاکردنەوەیان ئەستەمی دەنواند.

پێنجەم، قزڵجی لە سەردەمی ئاوارەیی دوای هەرەسی کۆمار، لە 'سیتەك' و سلێمانی، کەوتبووە پەیوەندێکی دوولایەنەی ناسیۆنالیستەکانی باشوور و لایەنگرە کوردەکانی حزبی شیووعی عیراقەوە، کە ئەودەم ژمارەیان شانی لە شانی ژمارەی ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدا.

شەشەم، هەر لە ڕێگەی ئەوانەوە چوو بۆ بولغاریا[١٢] و لەوێ لە پێوەندی حزبی توودەی ئێراندا، بوو بە یەك لە بەرپرسە سەرەکییەکانی ڕادیۆی پەیکی ئێران (بەشی کوردی)، کە لە سەردەمی تاریکی مێژووی سیاسیی ئێران، بە تایبەت دوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی **١٣٣٢**، تاقە بڵیندگۆی ئازادیخوازی و خەبات و خۆڕاگری دژ بە حکوومەتی پەهلەوی بوو.

حەوتەم و واهەیە لە هەمووان گرنگتر ئەوەی، کە خۆی، لە زاتی خۆیدا، گەوهەری وەرگرتنی ئەو بیرۆکە نەتەوەیی و یەکسانی خوازەی هەبوو و ئەوەش لەهەموو قۆناغەکانی ژیانیدا بە باشی دەردەکەوێت. ئەوە نموونەکانیەتی:

وتاری ناو ڕۆژنامەی کوهستان (ژمارە ٢١) و کوردستان (ژمارە **٣٣** تا ٤٠) و هەڵاڵە (هەر چوار ژمارەکەی) و نووسراوەکانی باشووری کوردستانی (گۆڤاری هیوا، ڕۆژی کوردستان، بیری نوێ، ڕۆشنبیری نوێ، ...) و

---

[١٠]. بژی ئیستالین، خۆش بێ چەکچوداس / لەژێر ئیستیبداد کوردی کرد خەلاس (کۆمەڵە شیعری ئاڵەکۆك، هەژار)

[١١]. شادبێ لێنین و بژی ئیستالین بۆ ئوردوویەکی ئازا و بەجەرگی وەك هێزی سووریان ڕەنێو هێناوە (ژمارە ٢ ی گۆڤاری هەڵاڵە).

[١٢] چێشتی مجێوری مامۆستا هەژار.

بابەتەکانی دەرەوەی وڵاتی (چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدا- کە نموونەی باشی شێوازی ڕیئالیزمی سوسیالیستین؛ و وتارەکانی سەر ڕادیۆی پەیکی ئێران؛ و وەرگێڕاوی کارەکانی ماکسیم گورکی و چیخۆف و...)، و سەرئەنجام، سەرنووسەریی ڕۆژنامەی کوردیی 'نامە مردم' ی حزبی توودەی ئێران، کە من لام وایە دەرچوونەکەی، زیاتر خواستی ئەو بوو بێت تا سیاسەتەکانی حزب لە کوردستان، دەنا بۆچی نامەی مەردوم بە زمانی گەلانی دیکەی ئێرانیش بڵاو نەدەکرایەوە؟

بە بۆچوونی من مامۆستا قزڵجی لە هەموو ئەو ماوە دوور و درێژە و ژیانی ٨٦ ساڵەیدا، سەرەڕای وەرچەرخانی زۆری سەردەم و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچە، وەك کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و خەمخۆری کوردستان مایەوە و ئەوەش هیچ جیاوازی یان دژایەتییەکی لەگەڵ بیرۆکەی چەپی پێشکەوتنخوازی ڕاستەقینە نەبوو، کە لە زاتی خۆیدا دەبوایە هەستی خۆشەویستیی کۆمەڵانی گەل و نیشتمان ناوەرۆکی سەرەکیی بوایەت.

***

نەسلی ئێمە قەرزداری خەباتی زۆر کەسانە، کە قزڵجیش یەکیانە. ئەوان ڕێ خۆشکەر و ڕچە شکێنی ڕێگایەك بوون کە ئێمەی بەختەوەر پێدا ڕۆیشتین، جا ئەگەر نەگەیشتینەجێ، پرسیارێکە وەڵامدانەوەی لە دەست من نایەت. یادی مامۆستای دڵسۆز و خەمخۆری گەل و نیشتمان حەسەنی قزڵجی هەمیشە زیندوو بێت و سپاسی ئەو دۆست و برادەرە بەڕێزانە دەکەم کە ئەرك وەرگێڕانی چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدایان بۆ سەر زمانی فارسی کێشاوە و زەحمەتی بەڕێوەبردنی ئەم کۆڕەیان بۆ ڕێزگرتن لە مامۆستای نەمر گرتۆتە ئەستۆ.

سەرکەوتوو بن

# مامۆستا قزڵجی لە مێژووی کۆماری کوردستاندا

مافناس ـ حەسەن ئەیوب‌زادە



بەڕێزان بۆمن شانازی‌یە کە دەرفەتی ئەوەم پێدراوە لە کۆڕێکی ئاوا بەقدردا دیدەم بە دیدارتان شاد بێ و دەرەتانی ئەوەتان داومێ دەمێك لە ژیانی مامۆستا حەسەنی قزڵجی بدوێم کە ئەندامێکی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (حدك) و ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان بووە کە لە ساڵی ١٩٦٥ەوە تا١٩٧٠ لە ئوروپا دەردەچوو.

مامۆستا قزڵجی لە پلێنۆمی ١٦ی حیزبی تودەی ئێرانەدا کە کرا بە ئەندامی جێگری ئەو حیزبە پێوەندیی لەگەل حیزبی دێموکراتی کوردستان نەما.

دوای جێگیر بوونی حکوومەتی خومەینی، سەرانی حیزبی تودە مامۆستا قزڵجی‌یان کرد بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و وەرگێڕی وتارەکانی "ئۆرگانی

حیزبی تودەی ئێران". لە مانگی فێوریەی **١٩٨٢** کە حکوومەتی خومەینی هێرشی کردە سەر ئەندامانی بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکانی حیزی تودە، مامۆستا قزڵجی بە پێی ڕاگەیاندنی رۆژنامەی "راه توده" ناوی لە ریزی گیراوەکانی حیزبی تودەی ئێراندا بڵاوکرابۆوە. دوای ئەو دەستبەسەرکردنەی مامۆستا قزڵجی بێسەر و شوێن بووە و باسی نەکراوە. مامۆستا لەناو سەرانی حیزبی تودەی ئێرانیشدا کە لە تەلەڤیزیۆنی حکوومەتی خومەینیدا نیشاندەدران ناوی نەبوو.

لەسەر کۆتایی ژیانی مامۆستا قزڵجی زانیارییەکی ورد لەدەستدا نییە. حیزبی تودەی ئێران راپۆرتێکی وردی لەسەر گرتنو نەمان، کوشتن لە ژێر ئەشکەنجە یان مردنی بە هۆی نەخۆشییەوە لە زینداندا بڵاو نهکردوەتەوە.

وێناچێ لە گرتوخانەی رژیمی مەلاکاندا پرسیارێکیان لە مامۆستا قزڵجی کردبێ. مامۆستا قزڵجی و د. عەلی گەلاوێژ بەپێوانەی حکوومەتی خومەینی مەحکەمە نەکراو چەندین تاوانیان لەسەر بووە:

١. مەلایەکی دوازدەعیلمی سوننی، کورد و سەربەخۆییخواز، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و ئەندامی حیزبی تودەی ئێران؟!
٢. نووسەری "کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حدك (ژێکاف) و بەرپرسی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری هەڵاڵە،
٣. نووسینی راپۆرتی هەڵکردنی ئالای ئیستقلال و سەربەخۆیی کوردستان لە سێ ژمارەی هەڵاڵەدا کە بە شێعری شاعیرانی داژداری کورد، هەژار، حەقیقی، قانع، سەید کامیل، سیف القضات و هێمن رازێندبرا بۆوە،
٤. کۆمۆنیستێکی شارەزا لە مارکسیزم و ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئێران و بێدین و نەشیعە.

مامۆستا قزڵجی دوای شۆرشی گەلانی ئێران گەرایەوە بۆکان و رۆژانە بەسەدان کەس دەچوونە لای، کە ماڵ و حاڵێکی نەبوو. لە دیدارێکی مامۆستادا منیش بەشدار بووم. مامۆستا بە پێویستی نەدەزانی لەسەر رابردوو و

کۆماری کوردستان و حیزبی تودەی ئێران و شۆڕشی گەلانی ئێران شتێك باس بکا، حەپەسا بوو. باوەڕێ نەدەکرد گەڕاوەتەوە نیشتمانەکەی، ئەو نیشتمانەی کە ئەو بۆی نامۆ بوو.

## مامۆستا قزڵجی و چیرۆکەکانی

پێشتر چەند چیرۆکێکی مامۆستا قزڵجیم خوێندبوونەوە. لە نزیکەوە لەگەڵ پێرسۆناژێکی سەرەکیی باشترە بێژم قارەمانی یەکێ لە چیرۆکەکانی بە ناوی"کوێخا هۆمەر و تاج و تەختەکەی" کە لە ناوچەی سەردەشت، بە ئەمەرپاشای قەلەرەشە مەنشوورە دیدارم کردبوو. ئەگەر هەڵەم نەکردبێ ساڵی ١٣٦٤ی هەتاویی لە گوندی قەڵەرەشە، لەگەل سێ پێشمەرگەی حدکا لێی میوان بووین.

بۆچوونە لای ئەمەرپاشا وەکو لە چیرۆکەکەی مامۆستا قزڵجی‌دا بۆ دیداری ئەمەر پاشا باس‌کراوە دوو کاتژمێری خایاند کە چاومان پێی‌کەوت. ئەمەرپاشا پیر ببوو. هەرکە پێشمەرگەکانی بە چەکەوە دیتن، سەرنجی‌دانێ و یەکەم پرسیاری ئەوە بوو کە: گەلۆ رووسان قەندو چاتان دەدەنێ؟ چەك و پارەچی؟ خەلك پشتیوانتانە؟ ئاماژە بەو ئاغاوەتەی کە چوونە لای باقرئۆف و لەبری پشتیوانی‌کردن لە سەربەخۆیی کوردستان و جەنابی قازی محەمەد هەرکام بە تایەك قەند کە دابوویاننێ دەمیان ببوو بە تەڵەی تەقیو. ئاە و ناڵەی ئەوەشیان کردبوو کە توتنەکەیان بۆ نەفرۆشراوە.

## شەڕی ئەمەر پاشا و ژاندارمەکانی رەزاشا

شەڕی ئەمەرپاشا و دەسەڵاتدارانی حکوومەتی رەزاشا و وەدەرنانی ژاندارمەری لە ناوچەی سوێسنایەتیی تا دەگاتە چۆمی کەلۆێ ئەو بابەتە بوو کە تامەزرۆی بیستنی بووم. مخابن پیری زۆر شتی لەبیر ئەمەر پاشا بردبۆوە. لە ئاخری ئەم باسەدا ئەو رووداوە بە قەڵەمە جوانەکەی مامۆستا قزڵجی دەخەمە بەرچاوی ئێوەی ئازیز.

بابەت بۆ باس کردنی مامۆستا قزڵجی و نووسراوەکانی زۆرە و دەرفەت کەم. سەرەتا ئەوە باسبکەم کە چیرۆکەکانی مامۆستا هی قۆناخێکی ژیانی کۆمەڵی کوردەوارین. پێرسۆناژی ڕووداوەکان و شوێنی ڕووداوەکان ڕاستەقینەن.

داستانەکانی مامۆستا قزڵجی تراژێدی ژیانی خەلکی کورد لە ژێر حکوومەتی دەوڵەتی داگیرکەرو دیکتاتۆری رەزاشا بووە. هەژاری و نەخۆشیی سەرانسەری چاوقولکە، چەوساندنەوەی نیزامی دەرەبەگی و ملهۆریی، فریوو درۆ و دڵرەقی و فەسادی بێ سنوور، دەسەلاتی بێسنووری ژاندارم و مەئمورەکانی دیکەی رژیم، کوشتار و چاولێکەری لە سیاسەتەکانی مستەفا کەماڵ، سیاسەتی رەزاشا بە دژی گەلانی غەیرە فارس بابەتی چیرۆکەکانی مامۆستا قزڵجی بوون.[١٣]

زمانی نووسینەکانی مامۆستا، کوردییەکی رەوانی تژی لە قسەی نەستەق و پەندی پێشینیانە. کەمتر نووسەرێکی کورد لە توانایدا هەیە بە وێنەی قزلجی رووداوەکانی ژیان و کەسایەتی قارەمانی چیرۆکەکانی لە خەیاڵی خوێنەردا ئاوا زەق و زیندوو رابگرێ.

قزڵجی لە چیرۆکەکانیدا لایەنگرە. دژی نیزامێکە کە ستەمی وەکوو پەتایەکی بێعیلاج و دەرماننەکراو لە پێوەندیی کۆمەلایەتیدا نیشانداوە. زۆربەی قارەمانی چیرۆکەکانی بێجگە لە ئەمەرپاشا(کوێخاهۆمەر) تەسلیمی واقعییەتی تاڵی سەپێندراون. هیچ نووسەرێکی کورد بە وێنەی قزڵجی نەیتوانیوە بەو کورتە چیرۆکانە بەزمانی گوندیيەك تابلۆی ژیانی وەرزێرێك و خەیاڵی ئاڵۆزی بۆ لەدەستدانی بژیوێ ژیانی کە کوللەو سن، خواردوویانە بنووسێ. کام هونەرمەند دەتوانێ ماشەری خەیاڵی ئاڵۆسکاوی ئەو وەرزێرە بەوجۆرە کە قزڵجی نووسیویە هەڵکاتەوە.

کاتێ کە ژنەکەی تووشی سێبەڕۆ بووە و سێ مانگی رەبەق لەسەر جێ کەوتبوو، حاجی رەشیدی سوتخۆرو سەلەمکڕ هاتووە و جووتەگاکەی لەبری سەلەمی پار وەپێش خۆیدابوو و بردبوونی. منداڵەکەی بە هۆی نەخۆشیی

[13] http://smostaghaci.persianblog.ir/post/464/

کەوتوویی مردبوو، ژنەکەی لە حەسرەتی مەرگی منداڵەکەی و لەبرسان مردبوو ... ئەمانە لە عالەمی واقیعدا رویاندابوو. ماشەری خەیاڵی ئاڵۆزکاوی چیرۆکنووس نەبوون؟ ئەمانە رووداوی ژیانی حەمەڕەش بوون؟ سن و کوللە و حاجی رەشید و سروشت و پێوەندیی زاڵمانە، بێدەرەتانی و نیزامی بێبەزیی دەرەبەگیی بۆ حەمەرەش بوون ...

نووسەر وردترین هۆیەکان لەو رووداوانەدا دەستنیشاندەکا. ژنەکەی لە خەمی لەدەستدانی منداڵەکەیدا دەمرێ. لەبیری ناچی کە یاسین خوێندنیش فریای نەکەوتبوو(ئاماژە بەدەوری وەپاشکەوتوویی و حاکمییەتی درۆ).

حەمەرەش سەرسامگرتوو بە لارەوە لارەوە بەرەو ماڵەکەی دەگەڕێتەوە. هەموو سامانەکەی تاقە لێفەیەکە و لە خۆیەوە دەپێچێ. دوو بەرکوژەی بە لێفەکەیەوە دروبوو. حەمە لە رۆژانی باران وسەرما بەشانیدا دەدا و بەرکوژەکانی گرێدەدان.

حەمەرەشی وەرزێری ساڵانی بەرێ کتوپڕ بووە بە کەنەفتێکی لە پێکەوتوو، سن و کوللە و حاجی رەشیدی سوودخۆر بەدوای کاردا بەرەو شار راوی دەنێن. برسی‌یەکی بێپەنا کە سەرما ورەی روخاندووە. گوندەکەی بەجێدێڵی، جێ‌یەکی بۆ مانەوە نی‌یە. بۆ پەیداکردنی کار پەنا بۆ شاردەبا. بەلام کار نی‌یە. جێێ حەوانەوەی نی‌یە. سەرما و برسێتیی لە پێ‌یان خستووە. بە هەڵکەوت تووشی تونی حەمام دەبێ و پەنا بۆ تونچی حەمام دەبا. ئاگرخۆشکەری تونی حەمام دەبینی کە پەیتا پەیتا ئاگرەکەی خۆش دەکا، لێیدپارێتەوە رێگەی بدا شەو لە لای ئەو ئاگر و چەرەدوکەڵەکەی تونی حەمام ئۆقرە بگرێ. بۆ ئەوەی کە لەسەرمان رەق هەڵنەیە. "ئەو سەردەمە حەمامێك لە بۆکان هەبوو کە بە سوتاندنی کای رزیو ئاوەکەی گەرم دەکرا. بە حەمامی "خانمێ" ناو دێر دەکرا.

تونچی روی تێدەکاو ودەڵێ: براله تونی حەمام پاڕانەوەی بۆ چیە، وەرە هۆ لەو قوژبنە پاڵکەوە! حەمەرەش و تونچی حەمام رێك‌کەوتن کە حەمەرەش

بەشەو لە تونی حەمامدا بخەوێ و بە ڕۆژ لە ناو شار بە یەك دوو نانی گەدایی خۆی لە مەرگ ڕزگار بکا...

درنگانێکە حەمەرەش‌چەند ڕۆژێکە شتێکی نەخواردووە. لەو تۆف و بەندەدا برسێتی زۆری بۆ هێناوە. بۆ سواڵی نانێك بەرەو ناو شار ملی ڕێ دەگرێ. لەبەر دەرگای کۆشکێك هەڵدەلەرزێ بۆ گەدایی نانێك "قاپییەکەی" دەکوتێ. خان بە تەقەی دەرگا لەخەو ڕادەچەنێ و دەگوڕێنێ: سەعە ئەوە کێیە بەو بەرەبەیانە ئەو قاپیی‌یە دەکوتێ؟ سەعەی نۆکەر قاپییەکەی کردەوە و چاوی بە حەمەرەش کەوت، لە وڵامی خاندا دەڵێ: بەگم چی بێژم داوەڵی ڕەشە، گەدایە.

حەمەرەشی برسیی دەنگ هەڵدەبڕی:خێرەومەند! خوا نەیبڕێ، فرە برسیمە، دو نانم بدەنێ.

سەعەی نۆکەری ئاغا قیژاندی بەسەریدا: بڕۆ بەڕێی خۆتەوە کابرا! خانم لە مال نی‌یە، چووەتە حەمام.

حەمەرەش ڕوو دەکاتە سەعە و دەڵێ: کورە جوانخاسەکە خاسیان وتووە: "هەرکەس گوێز لە هەمبانەی خۆی ئەژمێرێ". تۆ گوێت پێوە نەبوو، من داوای نانم کرد. خانمی چی ؟ من برسیمە. شتێکم گەرەکە بیخۆم. شتێکم گەرەك نی‌یە گەمەی لە تەکا بکەم.

تۆ بڵێی قزڵجی لەنووسینی بەسەرهاتی حەمەرەش‌دا لە خۆی بدوێ یان لە حەمەرەشێکی وەرزێر کە سن‌و کوللە بەرهەمی هەموو ژیانیان توناکردووە. بەسەرهاتی حەمەرەش خەمهێنەرتر لە بەسەرهاتی نووسەری ئەو چیرۆکە نی‌یە. کە ئەو ئاخری ئەو دێرانەدا نووسیویە...؟

## قزڵجی و سەرکۆماری کوردستان

پێشەوا قازی محەمەد لە شادیی خوێندنەوەی وتارێکی مامۆستا قزڵجی چی بە هێمنی شاعیری میللی گوتبوو؟ ئەو نووسەرە بەقدرو قیمەتە خۆی ستەم‌لێکراوتر لە حەمەرەش بووە. قزڵجی نووسەرێکی هونەرمەند، ناودارێکی ساماندار،

خۆشەویست‌ترین کەسی سەرۆك کۆماری کوردستان، ماڵ و حاڵی لێ تێکچووبوو. ناچار کرابوو لە زێدو نیشتمانی رابکا، هیوابراو لە کەس و کار، لە شوێنێك دەگەڕی کە دوور لە چاوی پۆلیس لێی بژی. پەنای بردووەتە ماڵی شێخ مەحمود لە سلێمانی، بەڵام تونی حەمامی لە دیمەنی خانقا پێ باشتر بووە.

**تێبینی**: تونی حەمامەکەی خانمە خانمێی بۆکان لە پەنا ماڵی کاك مەولود و رۆ بەماڵەکەی فازلی بوو. تونی حەمام و عەلی خالەناوە و تاژیی‌یەکەی لە قووڵایی دەمیتری توونەکەدا کە جارو بار عەلی تونچی و تاژیی‌یەکەی خۆی پێدادەکەن. هەردوو رەش و عەلی‌یە رەشیش بەو دووە زیاد بووە. ... ئەمانە لە بیرەوەری بۆکانی‌یەکانی ئەو سەردەمەدا زیندوون ...

مامۆستا قزڵجی بۆ نووسینی چیرۆکەکانی، دەست‌رەنگینێکی بێ‌وێنەیە. سەنعاتکارێکی خولقێنەرە. لە بیری نەچووە کە خان و سەعەی نۆکەری بە وشەی تایبەتی چینایەتی خان دەبێ بئاخفن:"وشەگەلی: بەگم، قاپییەکە، داوەڵی رەش، خانم چووەتە حەمام. ... بە هێنانی ئەم وشانە، قزڵجی لە درێژدادڕیی نیوەلاپەرەیەك بۆ باسی کۆشکی خان و سەعەی نۆکەر و ژیانی خۆش و حەمامی خانم کە حەمەرەش بۆ کروژمەکردن لە توونەکەیدا لە تونچی‌یەکەی پارابۆوە خۆی رزگار کردووە. قزڵجی لەیەك دێردا ئەو پەندی پێشینیانی بۆ سەلماندنی ئەو واقعییەتە وەبیردێنێتەوە کە:"هەرکەس گوێز لە هەمبانەی خۆی دەبژێرێ..". واتە هەرکەس بە پێی دڵ و دەروونی خۆی قسەدەکا. تێر ئاگای لە برسیی نی‌یە ... جیهانێکی تژی لە بێعەداڵەتی و ستەم و بێ رەحمی و بێ بەزەیی‌یە.

قزڵجی خۆشەویست‌ترین نووسەری کۆماری کوردستان و سەرۆك کۆمارەکەی دوای هێرشی داگێرکەرانی کوردستان بۆسەر کۆمارە ساواکەی و لە سێدارەدانی پێشەوا و سەرانی دیکەی کۆمار، ناچار دەبێ ژن، منداڵ و زێدەکەی جێ بێڵێی، بەرەو سلێمانی رابکا و لە ماڵی شێخ مەحمود بگیرسێتەوە. لێرە بەدواوە وەکو مامۆستا هەژار بۆ ژینی رۆژانە ناچار دەبێ بە قاچاخی و دور لە چاوی پۆلیس بژی و دەست بۆ هەموو کارێك درێژ بکا:

توتنەوانی، کارکردن لە رەستۆرانان، پیتچنیی چاپخانە، میرزایی و بەردەستی‌کردنی تاجر و چاوچنۆکان، وێنەگری و کرێکاری ... ئەمانە ئەو کارانە بوون کە کردبوونی.

ڕێگەم بدەن لە خۆشەویستیی سێ بلیمەتی کورد، سێ شاعیرو نووسەری هەڵکەوتووی گەل، هاودڵی و هاوڕەنگی و وەفا و تێگەیشتن و فامکردنیان لە مانای ژیان، هاودەردی و یارمەتی‌دانی یەکتر لەبەرامبەر رژدی، چاوچنۆکی، دڕندەیی و خۆپەرستی دور لە جیهانێك کە خان و سەعەی نۆکەری بۆ وەدەست هێنانی لە مرۆڤایەتیی لایان‌داوە کورتە رووداوێك لە زمانی مامۆستا شوکور مستەفا، ئەدیبی بە فەرهەنگ بگێڕمەوە کە لە "رامان "لە وتوێژێکی نێوان نووسەری رامان و مامۆستا شوکور مستەفا وەرگیراوە.

مامۆستا شوکور مستەفا بەسەرهاتێکی خۆی و مامۆستا هەژار و مامۆستا قزڵجی باس دەکا و دەگێڕێتەوە:

مامۆستا شوکور مستەفا جبە و عەمامەیەکی لە کۆتایی خوێندنەکەی خەڵات‌کراوە. بابزانین خۆی چۆنی باسکردوە؟ ئەو دیمانەیە بەرپرسی رامان لەگەڵ رەوانشاد مامۆستا شکور مستەفا، ئەدیب، وەرگێڕ و کوردی‌زانێکی ناسراوی باشوری کوردستان کردویە. بەرپرسی رامان لە مامۆستا شوکور مستەفای پرسیوە: کە ئاخۆ مامۆستا شوکور رات سەبارەت بە مامۆستا هەژار چی‌یە؟

مامۆستا شوکور مستەفا وڵامەکەی بە روداوێك دابۆوە کە خۆی و مامۆستا هەژارو مامۆستا حەسەن قزڵجی تێیدا بەشدار ببوون و دەڵێ:

**رامان: یادگارت بە کورتی لەگەڵ ئەم ناوانە چی یە؟**

**(١) هەژاری موکریانی:** جارێکیان، کە لەکولییەی شەریعە دەمخوێند، جوبە و عەمامەیەکی نرت و نوێیان دابوومێ، زۆرمان حەز لە مەسگوفی ماسیی ئەبونەواس بوو، لەگەڵ کاک (هەژار) و (حەسەنی قزلجی)دا چووین بۆ (سوق الهرج) سووگلهەرەج جوبەکەمان فرۆشت بە هەشت دینار، قاسۆنی چاک بوو، فێستەکەمان فرۆشت بە دوو دینارو نیو، مەملەلە سپێیەکەشمان - دەگەزبوو - فرۆشت بە (١٨٠٠) فلس، کە هەمووی کردی دوازدە دینارو سێسەد فلس.... قوربان چووین ماسییەکی شەببوتی عەجایەبمان خوارد، پیپسیمان هەڵ قوڕاند، پاشانەکێ چووینە «گۆگ نەزەر»- مالم قەبرە تا بلێی ساردو سڕبوو، خودایە هەر خۆت غەفووری بە گوناهمم دەگەڵ نەکەی، تۆبە، صەد تۆبە- بەدلمانەوە نەنووسیا..

مام هەژار، قەرزی ژووری خانەکەی لەسەربوو، نی مانگێ، ئەویشمان دا، دینارێ بوو، ئەوی دیکەیمان وا بزانم هەشت دینارێکی مابوو بەشمان کرد، حەسەنی قزلجی دەیگوت، مبارەکە، قەت تەواو نابێ....

ئەو بابەتە لە هەڤپەیڤینی ئازاد عەبدولواحد و مەحمود زامدار لە ١٩٩٨ لە هەولێر،" گەشتێك بە ناو زمان و فیکرو ئیستێتیکادا" وەرگیراوە.

بروانە زانا و مەزنەکانی کورد بە چ شێوەیەك ژیاون. هەژار لە کاروانسەرایەکدا نووستوە. قزڵجی ٢ دینار و نیوی لەلا ئەوەندە پێ زۆر بووە کە پێی وابووە قەت تەواو نابێ. سەرەرای ئەوە لە دڵگەورەیی ئەو سێ بلیمەتە بروانە و لە دۆستایەتی یەکانیان.

گوتمان پێرسۆناژی چیرۆکەکانی مامۆستا قزڵجی خولقێندراوی خەیاڵی مامۆستا نین. ئەمانە پێ بە پێی مامۆستا قزڵجی لە سەر شانۆی وجوددا گەڕاون. لە عالەمی واقیعدا هەمو ئەوکەسانەی کە لەو ١٤ چیرۆکەیدا ناویان هاتووە لەژیانی نووسەردا زیندوو بوون و رووداوەکانیش واقیعی بوون و بە ناوی راستەقینەیانەوە ناوی بردوون.

## ژیانی سیاسی مامۆستا قزڵجی لە کۆماری کوردستاندا

رەنگە کەسانێك کە لێرەن سکەنکراوی ٩٣ ژمارەی"کوردستان"، ئۆرگانی رەسمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد واتە (حیزبی دێموکراتی کوردستانیان) لە گەنجینەی بنەماڵەی رەوانشاد مامۆستا رەشید باجەلان و بەهار خانمی کچی خەلکی خانەقین، نیشتەجێ بەغدا کە لە ٢٠٠٧ لە لایەن بنکەی ژین- ەوە چاپ کرایەوە وەبەرچاو نەکەوتبێ تا لە ئەرکی مامۆستا حەسەن قزڵجی لە دەوڵەتی کۆماری کوردستان و بەرێوەبەری گۆڤاری هەڵاڵە و نووسین بۆ رۆژنامەی کوردستان و گرنگی نووسراوەکانی مامۆستا قزڵجی ئاگاداربێ. لەو رووەوە پێویستە دوو بابەتی زۆر گرنگ لێرەدا بەر لە چوونە ناو باسی چیرۆکەکانی مامۆستا بە نەقل لە رۆژنامەی کوردستان و راستکردنەوەی تەزویرێك کە لە مێژووی کۆماری کوردستاندا کرابوو و لە ٢٠٠٧ دا لە لایەن بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانی بە ناو مامۆستا کەماڵ فوادەوە دووپاتە کرایەوە باس بکرێ. ئەوەش پەردەلادانە لەسەر واقعییەتێکی شاراوەی کۆماری کوردستان، چەواشەکردنی مێژووە پیرۆزەکەی کۆمار و راستکردنەوەی

حەقیقەتێك کە لە سەردەمی کۆمارەوە تا ساڵی ٢٠٠٧ و چاپکردنەوەی ڕۆژنامەکانی کوردستان و نووسینی لێکۆڵینەوەیەك کە سەلماندی چ غەدرێك لە لایەن ڕێبەرایەتی حیزبی تودەی ئێران، فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، جەماعەتە مائۆئیستەکانی کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی خانبابا تهرانی و شاگردەکانیان لە بەکرەجۆو مێشکەپە کە لە کۆماری کوردستانیان کردبوو. لێکۆڵینەوەی ٥٤ لاپەرەیی نووسەری ئەم بابەتە لەسەر "بەیاننامەیەکی تەزویریی کەمال فواد کە بە دوو لاپەرەی کۆتایی ٩٣ ژمارەی کوردستانی سەردەمی کۆماری کوردستانەوە لکێندرابوو، کۆتایی بە تەزویری مێژووی کۆماری کوردستان هێنا. حەقیقەت‌و ڕاستی بەسەر تەزویر و شاردنەوەی ڕاستی‌دا زاڵ بۆوە و پیلانی دوژمنانی گەلی کورد پوچەڵ کرایەوە.

## روخانی کۆمار و شاردنەوەی بەڵگەنامەکانی کۆماری کوردستان بۆ چەواشەکردنی مێژوو

دوای روخانی کۆماری کوردستان و ئێعدامی سەرانی کۆمار، حیزبی تودەی ئێران بوو بە خاوەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەوەی کە بەڵگەو نووسراوە لەسەر کۆماری کوردستان هەبووە شاردراونەوە یان فەوتێندراون.

سەرانی حیزبی تودە و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و لایەنگرانیان لە ناوکورد ئەوەندەی بۆیان لواوە بۆ شاردنەوەی واقعییەتی کۆماری کوردستان و چەواشەکردنی مێژووەکەی هەوڵیان داوە.

سەرانی حیزبی تودە و بە تایبەتی مائۆئیستەکانی سەر بە خانبابا تهرانی، کوروش لاشائی کە لە بەکرەجۆ کلاسیان بۆ ڕاهێنانی دامەزرێنەرانی ینك وەکو تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا وەرێخستبوو، یەکەم تەزویرەکانیان لەسەر کۆماری کوردستان بڵاوکردبۆوە. ئەو جەماعەتە نووسیبوویان: کۆماری سەربەخۆی کوردستان وجودی نەبووە. لە کوتە کاغەزێکی تەزویرکراوی لایەنگرانی خانبابا تهرانی‌دا ڕاگەیەندرابوو: حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوای کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد دامەزرێندراوە. بەڵام نە کاتی

دامەزراندنەکەی ڕاگەیاندرابوو نە سەرانی دامەزرێنەری دیاربوون و نە هیچ بەڵگەیەکیان بۆ ئەو ئیدیعایە لەدەستدا هەبووە. گوترابوو: دامەزرێنەران لە ٩ ماددەدا ئامانجی خۆیان ڕاگەیاندبوو. ئامانجەکەش خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا بووە.

هەموو نووسەرانی تەنزیمە سیاسی‌یەکان کە لەسەر کۆماری کوردستان بابەتێکیان نووسیوە، باسیان لەو نووسراوەیەی لقی مائۆئیستی خانبابا تهرانی کردبوو. چەواشەکاری مێژوویی ئەو تاقمەیان بە ڕووداوێکی مێژوویی پێناسەکردبوو. بۆ وێنە: نەوشیروان مستەفا ئەمین لەپانی و درێژایی گوایە ئەو بەیاننامەیە دوابوو کە میترێ پان و گەزو نیوێ درێژ بووە و گوتبووی: ئەو حکومەتەش کە ڕاگەیاندرابوو: حکومەتێکی خۆجێی واتە "محلی" بووە.

بەڵگە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ئیددیعایە لە ٢٠٠٧ کەوتە ڕوو. لەو ڕێکەوتەدا و دوای چاپ کردنەوەی ٩٣ ژمارەی"کوردستان"ی سەردەمی کۆماری کوردستان بە پێێ لێکۆلینەوەیەکی نووسەری ئەم بابەتە دەرکەوت کە ئەوەی تا ئەوکاتە لەمەر ڕاگەیاندنی بەیاننامەی دامەزرانی حدك و ئامانجی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا لە لایەن کورد و فارسەکانەوە بڵاو کرابۆەوە ساختە و تەزویرکراو بووە.

چاپکردنەوەی ٩٣ ژمارەی کوردستانی سەردەمی کۆماری کوردستان گرنگترین بەڵگە بوو کە پەردەی لەسەر تەزویری واقعییەتی چەواشەکراو لادا. ئەو ساختەچێتی‌یە لە خوێندنەوەی نوتقی پێشەوا قازی محەمەد لە ژمارەی ١٠ و ١١ ی کۆماری کوردستان و سێ ژمارەی گۆڤاری هەڵاڵەدا کە مامۆستا حەسەن قزڵجی سەرنووسەری بووە بە ئاشکرا دەردەکەوێ.

نوتقی پێشەوا  قازی محەمەد لە ژمارەی ١٠ و ١١ی ڕۆژنامەی کوردستان چاپکراوەی ٢٠١١ی دەزگای ئاراس و ٢٠٠٧ بنکەی ژین‌دا بخوێنەوە! بە پێی ئەو بەڵگەنامەیە حیزبی دێموکراتی کوردستان ناوێکی دیکەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بووە. دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و ئیستیقلال و هەڵکردنی ئالای سەربەخۆیی،  قسەکردن لە

خودموختاریی و لامەرکەزی و پاشکۆیەتی کوردستان، خۆلادان لە مەنتیقە. مودەعی‌یەکان نەیانگوتووە ئەو خودموختاری‌یە لە کێ وەرگیراوە و چ دەولەتێك داویێتی؟ ڕۆژنامەکانی سەردەمی کۆمار لە ۱۸ ژمارەدا بەم باسە دەست پێدەکا: "جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلالی کوردستان".

سەرانی تودە و ئێرانچی‌یەکان نەیانخوێندووەتەوە کە جەنابی قازی محەمەد لە ژمارەکانی دەو یازدەی کوردستان ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حدكدا باسی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد وحیزبی دێموکراتی کوردستان"ی یەكلا کردوەتەوە.! ئەوەش کورتەی نوتقی پێشەوا قازی محەممەدە کە لە ژمارەی ۱۰ و یازدەی کوردستان ئۆرگانی حدکا لە ۱٥ی ڕێبەندان و لە لاپەرەی ٤ی ساڵی ۱۳۲٤و ژمارە ۱۱ ڕێکەوتی ۱۷ی ڕێبەندان لاپەرەی ۱۱ سالی ۱۳۲٤ دا بە دورودرێژی چاپ کراوە:

بەشێك لەو نوتقەی پێشەوا قازی محەممەد سەبارەت بە کۆمەلەی ژیانەوەی کورد(حیزبی دێموکراتی کوردستان) کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد لێرەدا بخوێنەو!


کوردستان

بلاو کەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان

زمارەی ۱۱ — سالی یەکەم — چوار شەممو ۱۷ ری‌بەندان ۱۳۲٤ — ٦ فوریە ۱۹٤٦

ماوەی جیژنی سەربەخویی واستقلالی کوردستان

ماوەی نطقی جنابی پیشەوای کوردستان

"تا لە شهریوەری ۱۳۲۰دا فریشتەی آزادی دەستگای دیکتاتوری رضاخانی تیکشکاند کورد سەری لەو هەمو فشار و اذیتە کمی فارغ بو فوری احساسی کرد چون دەبی لە فرصت استفادە بکات، ریگای صلاح و وەدەست خستنی ئازادی ئەو ملتە جیە و چبکا — پیاوانیکی بە بیرو هوش و بە شرف کە زور لە میژ بو خویناوی دلی خویان دەخواردەوە و بۆ ذەلیلی ئەو ملتە دوکەل لە

دەرونیان دەهاته دەری زور زو تەشخیصیان دا که وەختی کاره و لەفرصته دەبی بەهره وەرگیری و ئەوه تەواو ئەو روژەیه که پشتاو پشتمان چاوەروانی بون به یەکجار خیرا و بی وچان دەستیان به کار کرد حزبی دیموکراتی کوردستانیان تشکیل دا و به بەدەستوبرد خەریکی کاروباری ملی بون به چاوکی ورد و به دقت احتیاج و پیداویستی کوردیان تشخیص دا و به دی کرد....." .

**تێبینی**: رێنووسه که هی سەردەمی کۆماری کوردستانه و به شێوه زمانی فارسی نووسراوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وکۆمەڵەی ژیانەوەی کورد به پێی نوتقی جەنابی قازی محەمەد یەك تەشکیلات بووه و خاوەنی یەك رێبەرایەتی بووە. بەڵام به دوو ناوەوه ناودێر بووه. بۆ خەلکی ئاسایی حیزب و دێموکرات دوو وشەی نامۆ بوون. بەڵام کۆمەڵە و ژیانەوه بۆ هەمووان فام کراوبووە. ئامانجەکەش له وشەی ژیانەوەی کورددا بۆ هەموو کەس روون بووه.

کورد لەبری حیزب که وشەیەکی عەرەبییه وشەی کۆمەڵەی هەیه. بەرەبەره کۆمەڵانی بەرینی خەڵك به تایبەتی خوێندەواران له ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەڵکیان وەرگرتبوو. تکایه جارێکی دیکه سەرنجی نوتقەکەی جەنابی پێشەوا قازی بدەن که له سەرەوەدا نووسراوه. یەکگرتن و سوێند به ئاڵاخواردن و پێکهێنانی یەکێتی بۆ ئەو ئامانجه بووه که کۆمەڵانی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی هاندا که له مەیدانی چوارچرای مەهاباد داوای سەربەخۆیی و ئازادی کوردستان بکەن و کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (حیزبی دێموکراتی کوردستان) به ویستی نوێنەرانی گەلی کورد سەربەخۆیی کۆماری کوردستانیان راگەیاند.

هەروەها له گۆڤاری هەڵاڵەدا که له سەردەمی کۆماری کوردستان له لایەن مامۆستا قزلجییەوه له شاری بۆکان چاپ دەکرا له ٣ ژمارەدا باس له هەڵکردنی ئالای سەربەخۆیی و ئیستیقلالی کوردستان کردووه.

ڕاگەیاندنی هەڵکردنی ئاڵای سەربەخۆیی و ئیستیقلالی کوردستان لە دوو شاری مهاباد و بۆکان لە لایەن گۆڤاری هەڵاڵەوە بە وێنەکانیانەوە واقعییەتێکی حاشاهەڵنەگرن.

ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، د. قاسملوو و د.شەرەفکەندی هەرگیز چاویان بە بەڵگەنامەکانی کۆماری کوردستان و گرنگترینیان نوتقی پێشەوا قازی محەمەد لە ژمارەکانی دە و یازدەی گۆڤاری کوردستان ئۆرگانی حدك( ژێکاف) و نووسراوەکەی مامۆستا حەسەن قزڵجی لەسەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و وتووێژەکانی ڕەوانشادان: شاپەسندی (لە نووسەرانی کوردستان و کەریمی (وەزیری فەرهەنگ) نەکەوتبوو. د. قاسملوو بەر لە کۆنگرەی ٣ حدك لە گەڵاڵەکردنی بەرنامەکەی‌دا بۆ حدك کە بۆ ئیرەجی ئیسکەندەری سکرتێری حیزبی تودەی ئێرانی ناردبوو، ئامانجی ڕاگەیەندراوی حدك-ی بەم شێوەیە دیاریی کردبوو کە: رژیمی پاشایەتی لە ئێران وەلا بنرێ و ئێران بە شێوەی فیدراڵی ئیدارە بکرێ و کورد خوازیارانە ببێتە خاوەنی مافی ....بەرێوەبەری خۆی.

ئیرەجی ئیسکەندەری کە ئەوکاتە سکرتێری حیزبی تودەی ئێران بوو پێشنیاری بە د. قاسملوو کردبوو کە بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی‌کردنی هێزە سیاسی‌یەکانی دیکەی ئێران پێویستە ویست و داخوازەکانی کورد لە چوارچێوەی ئەودروشمەدا: "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆکوردستان" فۆرمولە بکرێ.

د. قاسملوو لەبەر چەند هۆ و بێ ئەوە ئاگاداریی لە ڕۆژنامەکانی کوردستان هەبووبێ، 'دروشمە پێشنیارکراوەکەی ئیرەجی ئیسکەندەری قبوڵ کردبوو و لە کۆنگرەی ٣ کە سالی ١٩٧٣ پێك‌هات ئامانجی حیزبی دێموکراتی بە شێوەی پێشنیارکراو بردبووە کۆنگرەی ٣ و لەوێدا پەسند کرابوو و وشەی ئێرانیش بە وشەی کوردستانەوە لکێندرا. لەوکاتە بەدواوە لە ئەدەبیاتی سیاسی‌دا لە ناوی"حیزبی دێموکراتی کوردستانی( ئێران)" کەڵك وەرگیرا.

## بەرهەمە چاپ‌کراوەکانی مامۆستا قزڵجی

ساڵی٢٠٠٣ لە باشوری کوردستان بەشێك لە نووسراوەکانی مامۆستا قزڵجی لە کتێبێکی٥٥٠ لاپەرە‌ی‌دا لە ژێر سەرناوی "سەرجەمی بەرهەمی حەسەن قزڵجی" چاپ‌کرا.

بەشی سەرەکی ئەو کتێبە بریتییە لەو ١٤ کورتە چیرۆکە کە لە ژێر سەرناوی پێکەنینی گەدا (ئەمە خۆی سەرناوی یەکێك لەو چیرۆکانەیە) چاپ‌کراونەوە. ئەو ١٤ چیرۆکە دوو جاری دیکەش چاپ‌کراون. جاری دووهەم چیرۆکی پێکەنینی گەدا لە ئەندازەیەکی پچووکی گیرفانی‌دا لە ١٩٨٥ لە چاپخانەی علا لە بەغدا چاپ کراوە. بەڵام چاپە ئەوەڵەکەی لەبەردەست‌دا نەبووە کە شوێنی چاپخانەکەی بناسێندرێ.

سەرناوی" سەرجەمی بەرهەمی حەسەن قزڵجی" بۆ ئەو کتێبە کە لە ٥٥٠ لاپەرەدا کۆکراوەتەوە لەجێ‌دا نی‌یە، چوونکە ئەو کتێبە تەنیا ئەو بەشە لە نووسراوەکانی مامۆستا قزڵجی لە خۆدەگرێ کە لە باشوری کوردستان بڵاوکراونەوە.

مامۆستا قزڵجی دەیان ساڵ لەدەرەوەی کوردستان و لە ناو حیزبی تودەی ئێران‌دا بە نووسین و وەرگێران و بڵاکردنەوەی فکری سیاسی یەوە... خەریك بووە. زانای بەرێز و بە فەرهەنگ د.کامران ئەمین‌ئاوە، دڵسۆزانە بەدوایان‌دا چووە بەڵام لە ئەندامانی بەرپرسی حیزبی تودەی ئێران وەڵامێکی دڵخۆشکەری وەرنەگرتووە.

## شوێندانەری چیرۆکەکانی مامۆستا قزڵجی لە سەر نووسەرانی باشوری کوردستان

ستروکتوری زمان جیاکەرەوەی زمانەکان لە یەکترە. رەمزی سەرکەوتنی چیرۆکەکانی مامۆستا قزڵجی و نووسراوەکانی هەژار، هێمن و شوکور مستەفا لە پاراستنی بیناو ستروکتوری زمانی کوردی‌دایە. کارەساتی هەڵەنووسی لە باشوری کوردستان کاتێك خۆی دەردەخا کە بە وردی لە نووسینی و وەرگێڕان و نووسەرانی ئەو بەشە ورد بینەوە.

مامۆستا قزڵجی بە هۆی زانینی بیناو ستروکتوری زمانی کوردی و شارەزای یەکی تەواوی کە لە رێزمانی کوردی، فارسی، عەرەبی، بولغاری و رووسی هەبووە، توانیویە بە دوای خزمەکانی وشەی زمانی کوردیدا بگەڕێ وجیاوازیی رێزمانی کوردی لەگەڵ زۆر زمانی کۆنی گەلانی دوورو نزیك و سەرچاوەکانیان لە نووسینەکانیدا نیشانبدا. لەو رووەوە ئەوەی کە نووسیویە پاراو و بێگرێ و خولقێندراوی کۆمەڵگای کورد بووە.

مامۆستا قزڵجی، مامۆستا هەژار، هێمن و شوکور مستەفا شارەزای شێوەزارەکانی دیکەی کوردی بوون. هەژار لە تەرجەمەی قورئان و شەرەفنامە و چوار خشتەکی یەکانی خەییامدا بە زمانی کوردی گرەوی لە هەموان بردووەتەوە. شاعیرانی وەکو خانای قوبادی، خانی، مەولەوی تاوەگۆزی، باباتاهیر،جزیری یان شرۆڤە کردوە. لە زانینی پەندی پێشینیان، قسەی نەستەق و کەڵك لێوەرگرتنیان لە نووسراوەکانیاندا لەگەڵ کەسانێك کە بە پسپۆڕی زمانی کوردی ناودیر دەکرێن یان پێناسەکراون قیاس ناکرێن. گرفتی نووسەرانی کورد لە باشوری کوردستان کولیی و هەژاری نووسینەکانیانە کە لە نەزانینی رێزمانی زمانی کوردی یەوە سەرچاوەی گرتووە. لەبەر ئەوە کەسانێك کە بە ناوی سەرپەرشتیارو و کۆنترۆڵچی و شارەزا بە سەرجەمی بەرهەمی قزڵجیدا چوونەوە لە زۆرجێدا تێداماون و هەڵەی زەقیان کردووە.

مامۆستا قزڵجی لە چیرۆکەکانیدا روحی بە بەر کەرەسەی بێ گیان داکردووە. ئەوەش کارێکی دەگمەن بووە کە لە ئەدەبیاتی گەلانیدیکەدا نەبیندراوە.

تشبیە واتە شوپاندنی کۆشکی ئاغاکەی گوندی سەرکەل بە کوندە بەبوویەکی گەڕۆل یان بە گزیری ئاغای سەرکەل کە پیربووە، واتە ئەو باب نۆکەرەی کە لە دیوەخانی ئاغا ئێسکی کروستووەتەوە و لەگەڵ رەعیەتەکانی ئاغا دەمبۆلەی کردووە ، لەبەر پیری ددانەکانی تاقواز بووە و ئەوی ماویشە خواروخێچ بووە، پلوسك روخاون و بۆ چایلێنان سوتێندراون، ئاوکە شۆلاوگەی بەستووە دیوارەکانی دادڕ دادڕ کردوون وا وێچوون کە بەرەو ئاوایی سەرکەل دەمیان داپچرِیبێ و ئیرادەیان کردبێ ئەوچەند ماڵە رەعیەتەی کە لە دێدا مابوون

قووت بدەن. بەردەکانی بە مرۆڤ شوپاندوون کە سەریان لە سواغی دێوار دەرهێنابووو ددانیان لە ڕیچەوە بردبوون کە بە نیازبوون خۆیان لە بەندی دیوارەکان رزگار بکەن. هەموو ئەوانە لە پرۆسەیەك بەرەو نەمان دەچن و دەتوێنەوە. ئەوەش بۆ نیشاندانی کۆتاییهاتن بە سەردەمی ملهوری چینێك هاتوونە سەر شانۆ، لە هونەری داستان‌نووسین‌دا ئەوە دەگمەنە. دار و بەردیش لە خەیاڵی نووسەردا روحی بەبەرداکراوە ...

## کۆتایی ژیانی مامۆستا قزڵجی

مامۆستا حەسەن قزڵجی پاش عومرێك خەباتی پڕ هەورازو نشێو لە فێوریەی ١٩٨٣ بەدوای هێرشی هێزەکانی سەرکوتکەری ئێران بۆسەر ڕێکخراوەکانی حیزبی تودەی ئێران لە تاران گیراو و لە پاییزی ١٩٨٤دا بە هۆی ئازار و ئەشکەنجە دڵی گەورەی ئەم مرۆڤ مەزنە لە بەندیخانەی ئێوین لە لێدان‌کەوت و خەڵکی کورد کەسایەتی‌یەکی نیشتمانپەروەر، نووسەر و وەڕگێڕێکی بێ‌هەوتا و یەکێك لەبەئەمەگترین ڕۆڵەکانی خۆی لەدەستدا.

# پردەکانی جوانی!



بۆ یادی نووسەری ڕیالیست ،
بیرمەندی هزرڤان " حەسەن قزڵجی!"
ڕەشاد مستەفاسوڵتانی

ڕێزدار حەسەنی قزڵجی، نووسەرێکی ڕیالیست، ڕاستبێژ، بیرمەندێکی هزرڤان، چیرۆکنووس، کوردیزانێکی شارەزا، هەروەها خاوەن بیری چەپ، سیکۆلار و ئەندیشەی ئەنترناسیونالیستی بوو. کورتەچیرۆك و بەرهەمە جوان و ناسکەکانی ڕەنگین و لە بواری ئەدەبی کلاسیکدا داهێنەرانە بوو. حەسەن قزڵجی داهێنەری لێهاتووی "پردەکانی جوانی" بوو. لە نێوان بەرهەمەکانی "گی دی موپاسان" و حەسەن قزڵجی وێکچونێك هەیە. حەسەنی قزڵجی کارناس، لێزان و شارەزای وشەی کوردی، ئیستێتیك، خاڵبەندی، ڕێنووس (ئورتۆگرافی) و دیاردەکانی ڕێزمانی وەك مۆرفیم، سینتاکس و فۆنیم بووە. ئەگەرچی بیر و بۆچونی بەلای حیزبی توودەدا شکابۆوە، بەڵام لە پلورالیزم، فرەچەشنی و بیر جیاوازەکان ڕێزی گرتوە. ئەندامی کۆمەڵەی ژێ - کاف بووە و لە زمانی کوردی، فارسی، تورکی، بولغاری و عەرەبی فرە شارەزا و بەتوانا بووە. لەگەڵ بەڕێزان هەژار، هێمن و زەبیحی خزمەتی گەورەیان بە ئەدەبی کلاسیك و زمانی

کوردی کردوە و لە گۆڤارەکانی کۆماری کوردستان ڕەچەیەکی بەرزیان لە بەستێنی هۆنراوە شیعر، چیرۆك و پەخشانی زمانی کوردی شکاندوە.

"جاڕ بدەن وەناو کوچەی شاراندا،
وەعیبرەتم کەن جە بازاڕاندا،
شەرت بۆ هەر ساعەت مەیلت زیاد کەم،
خاتر هەر وە عەشق باڵاکەت شاد کەم!"

خانای قوبادی

ساڵی ١٩١٣ زایینی لە گوندی قزڵجەی هەرێمی بۆکان لەدایکبووە. ساڵی ١٩٤٢ی زایینی ئەندامی کۆمەڵەی ژێ – کاف بووە. ساڵی ١٩٨٤ی زایینی لە زیندانی کۆنەپارێزان و حکوومەتی توتالیتری حکوومەتی سێدارەی ئیسلامی ئێران گیانی بەخت کرد. بەڵام کاربەدەستان، ڕێبەرانی حکوومەتی سوڤییەت، نە بۆ مەرگی جەنابی حەسەنی قزڵجی و نە بۆ بیرمەندان و ئازادیخوازانی تر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دەورانێکی دوور و درێژ لە سیاسەت و ڕێبازی سوڤییەت پشتیوانی‌یان کردبوو، هەڵویستێکی مرۆڤدۆستانە، ڕادیکاڵ، عەداڵەتخوازانە و ئیعترازی‌یان نەگرتەبەر و وەك هەمیشە بێدەنگیان پێشەکرد.

* * *

زمانی کوردی خۆم فێر بووم و لەڕاستیدا گوڵاڵە سوورە بووم و لە سەر بەردی ڕەق ڕوام. هیوادارم خوێنەرانی خۆشەویست و زۆر بە ڕێز بە چاوی لێبوردن و لوتفەوە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەکانم چاو لێبکەن و لە کانگای دڵمەوە سپاستان دەکەم.

هەنگ‌ئاسا ئارەزووی مژینی شیلەی وتارەکانی حەسەن قزڵجیم و، لە کاتی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی جۆرە هەستێکی نادیاری حورمەت و ڕێزگرتن دامدەگرێت. لە یادی سەدو یەکەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی نووسەر، تەنیا دەتوانم لەگەڵ ئەم وتارە، دەستەچینەیەك پڕ لە گوڵە بۆنخۆشەکانی داوێنی کویستانەکانی هەورامان و پێدەشتەکانی مەریوانی پێشکەش کەم.

## پۆلبەندی شاکارەکان:

### ١. بواری ساتیر، ئێرۆنی و ئیستعارە

ڕێزدار حەسەنی قزڵجی لە پێش ڕۆژگار و قۆناغی خۆیٚ هەنگاوی نا و یاساشکێن، سوننەتشکێن و دابو نەریت شکێن بوو. لە نووسراوەکانیدا، زۆر بوێرانە لە ئامێری ساتیر بە شێوەیەکی شارەزایانە کەڵکی وەرگرتوە.
نووسراوەکانی خیاری گوڵ بەدەم و ناسك و جوانن و تێکهەڵشێلانی کارەساتەکانی دڵگیرانە کردوە. چیرۆکەکان یەك لە یەکتر ناسکتر و جوانترن. نووسراوەکانی قزڵجی بەرەوژوور، تا ئاستێکی بەر دڵگر بەرەو چڵە پۆپەی جوانی هەڵکشاون و ئامانجیان پێکاوە. نموونە: بازار هەمووی بۆسە، کەمین و حەشارە بە تەنیشتیەکەوە، لە هەر حەشارێکدا ڕاوکەرێك دەستی داوەتە چەکی نیوگەز، یا تەڵەی تەرازووی ناوەتەوە و یا خۆی مات داوە. نێچیر وەك لافاو لەم سەرەوە بە ساغی دێن و لەو سەرەوە کە دەردەچن هیوایان هەیە نیوگەز گیرفانی دڕیوە و، هی واشیان هەیە کیسەکەی بە تەڵەوە بووە! هەڵبژاردنی سەر وتارەکان لە قاڵبی ئیستعارە و ساتیردا ئاوینەی بالا نوێنی هێژایی و هوشیاری ئەو نیشان دەدەن. لە شێوازی دیالۆگ و قسەو باسی ئاژەڵان زۆر مەبەست و گرفتی کۆمەڵایەتی باس دەکات.
نووسەر تەنیا لە دوو چیرۆکی "عادەتی بازار" و "سەر فیترە" باسی ناکۆکی و ئانتاگۆنیزمی شار دەکات. ئەمە بۆ نووسەرێکی ڕیالیست، کە ناکۆکییەکانی شارومەندانی شاری کەمتر لە بەرچاو بووە خاڵی ئەرێنی نییە. دەبوا بەستێنی شار، کەرەسەیەکی چاك بۆ نووسینی چیرۆکی گرانبەها بوایە. دیاردەی کۆچی ڕەنجبەران بەرەو دڕەندەکانی بازاڕی شارەکان لە چیرۆکەکانی "پێکەنینی گەدا" و "شەهیدی زۆڵمە" لە چلەپۆپەی دەسەڵاتی زمانەوانیدا باسکراوە. تەنز و ساتیر ئامراز و ڕێبازێکی تیژ و چەقۆی لە هەساندراوی نووسەرە، کە جار ناجار حیکایەتەکانی پیٚ دەڕازێنێتەوە.

بۆ نموونە لە داستانی "خەملّی پەموو" کاراکتیری کەسایەتی‌یەکانی ئاوا دەناسێنێت: سۆفی قادر بەرپرسی بانگی مزگەوتە، سۆفی نامیق جووتیارە، خانقا بۆ تەهلیلە و خەتم تەرخان کراوە، شێخ بێکار و خەریکی تەزبیح گێڕانە، مەلا جەلال کرێکاری ئایینی‌یە و میرزاعەلی ڕەشایی لەشکرە. ئەگەر کورد خاونی حکوومەتی خۆی دەبوو و حەسەن قزلجی لەژێر چەتری ئاڵای وڵاتی سەربەخۆی کوردستان و ستاتوسی حکوومەتەکەی بژیبا، لەئاستی نووسەرانی دیکەی جیهان وەك سالتیکۆف شچدرین، عەزیز نەسین، مەلا نەسرەدین*، یولماز گونای، عوبەید زاکانی، سەمەد بێهڕەنگی و کی دی موپاسان لە ئاستی نێونەتەوییدا دەناسرا و نووسراوەکانی بە چەندین زمانی زیندووی جیهان تەرجومە دەکرایەوە. شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە هۆنراوە و شیعرەکانی‌دا پەنای بۆ ئامێری ساتیر بردوە:

لازمە بۆ شێخ سبەینان گورگە خەو
تا بڵێن شێخ عابیدە و نانوێ بە شەو

## ٢. بواری پەخشان

ڕیزداران حەسەنی قزڵجی، ئیبراهیم ئەحمەد*، شوکور مستەفا، پشکۆ نەجمەدین، فەرهاد شاکەلی، ڕێواس ئەحمەد، عەبدوڵلای حەسەن‌زادە، ناسری حیسامی، عەلائەدین سەجادی و عەبدولڕەحمان زەبیحی لە مەیدانی پەخشاندا ڕەچەیەکی بەرزیان شکاندوە. ئاسۆی بیرکردنەوەیان سنوورەکانی تێپەڕاندوە و خوێنەر لە خوێندنەوەی چۆڕاوەی مێشکیان هەرگیز وەڕز وماندوو نابێت. نووسراوەکانی قزڵجی بە زمانێکی ڕێك‌و پێك، ڕەوان، سادە و هەموار نووسراوە و هەموویان شەقڵی ساتیر و تەوسیان پێوە دیارە.
حەسەن قزڵجی زمانەوان و شارەزای هەموو شێوە دیالکتەکانی کوردستان بووە و وەك گەنجینەیەکی زمان، کەڵکی لێ‌وەرگرتون. سەرجەم نووسراوەکانی بە بێژەی موکریانی نووسیوە و بێژەکانی هەورامی، سنەیی و شارەزووریش لە نووسراوکانی‌دا بەرچاو دەکەون. ئەم زمانە وەك جۆگە و ڕووبار بەرەو دەریا

ملی ناوه و به هێز و بلاوینه. شێوه و قاڵبی نووسینی هەندی جار بەرەو ستیل و دارشتنی ئیستعاره و ئیشاره هەنگاو دەنێت. قاڵبەكان نووسینەكانی حەسەن قزڵجی‌یان دیاری نەكردوه، بەڵكوو به پێچەوانەوه، دڵسۆزی و كاری نووسەر قاڵبەكانی دیاری‌كردوه. قارەمانی چیرۆكی "شەهیدی زوڵمه، كفن و شۆردنی ناوێ" جووتیارێكه ناوی هەباسه. نووسەر ئەم قارەمانه، له هەموو كارەساته تاڵەكان بەشداری دەكات و برسێتی ئەوەنده زۆری بۆ دێنێت كه، خۆی له مزگەوتێكدا دەبینێتەوه. مجێوری مزگەوت، پرسیاری لێدەكا و هانی دەدات مزگەوت بەجێ بێڵێت. ورزێر، له ناچاری مزگەوت بەجێ دێڵێت و له تاو برسێتی له قەراخ شار گیانی لەدەس دەدات. نووسەر بەشێوەیەكی لێزانانه و پسپۆرانه قارەمانەكەی تا ئاسوی ئەوسەر نادیاری ئومێد و هیوا پەروەرده دەكات، بەشكم لەبرسا نەمرێت، بەڵام نووسەر به پەیامێكی مێژوویی، دوور له ئارەزوو و مەیل و خواستی خۆی ناچاره قارەمانەكەی بكوژێت. ئەو مرۆڤانه كه ویجدانێكی ئاگایان هەیه، بۆ تراژیدی مردنی وەرزێر( هەباس) فرمێسك له چاوانیان دێته خوار و هەست به پەژارەیەكی بەر فراوان و قووڵ دەكەن.

له "پێكەنینی گەدا" قارەمانی چیرۆكەكه "حەمه ڕەش" كەرامەتی له لایەن سیستەمی تالانكەری جیهانی، داگیركەر و دەرەبەگایەتی‌یەوه برێندارو شكێندراوه. حەسەن قزڵجی له شكڵی مێتولۆژی بۆ هەندی له چیرۆكەكانی كەڵكی وەرگرتوه و خزمەتی گەوەرەی به فولكلۆری كوردیش كردوه.

## ٣. بواری چیرۆك

سەر لەبەری چیرۆكەكان، تژی له هیوا و ئومێده و نووسەر تەسكبین نی‌یه. بوار و مەیدانی وته به نرخ و گرانبەهاكانی، له شێوازی داستان (ئێپۆس)، بۆ سەردەمی دەورانی فیئودالیزم دەگەڕێتەوه. ئەگەر ژێرخانی ئابوری خولقینەری سەرخانی ئابوری‌یه، حەسەن قزڵجی، ئازایانه، لیهاتوانه لەو بوارەدا، چیرۆكی جوان‌و ناسك و دڵگیری به زمانی "دڵ" نووسیوه. چیرۆكەكان خۆیان له كاناڵی ئایدۆلۆژی چینی هەژار دەبیننەوه. له هەڵسەنگاندنی نووسەر"حیزب و

ڕیکخراو" ئامێری خەباتە و لەپێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی و مافی چینی ڕەنجبەر تەفسیر و تەرجومە دەکرێنەوە. کورتەچیرۆك ئامێری دەستی نووسەر بۆ خەباتی چینایەتی بووە. لە چیرۆکی بێهێنەو ناوی مەبە، پێڤاژە و پرۆسەی تێپەڕبوونی کۆمەڵگای کوردستان لە فیئودالیزمەوە بەرەو سەرمایەداری بانگەواز دەکات. ڕاسپاردەکەی بە ساتیرێکی پڕمانا، خوێنەر ئاگادار دەکاتەوە و هەرس‌هێنانی قۆناغی دەرەبەگایەتی جاڕدەدات. سێ نووسەری پایەبەرزی کورد، بەڕێزان ئیبراهیم ئەحمەد بە نووسین و بڵاوکردنەوەی دوو ڕۆمان بە ناوی "کوێرەوەری و ژانی گەل"، حەسەن قزڵجی بە نووسین و بڵاوکردنەوەی "پێکەنینی گەدا" و پشکۆ نەجمەدین بە نووسینی"ئەزمون و یاد" ڕەچەیەکی فرە بەرزیان لە قۆناغی ئەدەبیاتی کوردی‌دا شکاندوە و خزمەتێکی گەورەیان بە زمانی ستانداردی کوردی کردوە. لەم چیرۆکانەدا قزڵجی باسی کۆنەپارێزان، مێملەکان و پاڕازیتەکان و چەوسێنەرانی ناو کۆمەڵگای کوردەواری دەکات و هەڵویستی ڕەوا و مێژوویی دەگرێت و لە بەرهەمهێنەران و خولقێنەران یانی جووتیاران و ڕەنجدەران پشتیوانی دەکا و بە خوێنەرانی دەناسێنێت. قزڵجی لەم ئاخرانەدا دوو چیرۆکی بە ناوەکانی "چەکمە ڕەق و بێچوە قەڵ" نووسیوە. "بێچوە قەڵ" بۆ جل و بەرگی کۆنەپارێزان و دماڕگرژەکان تەرخان کراوە. هاوکات لەگەڵ زیندانی‌کردنی نووسەر ئەو دوو چیرۆکەیەش بزر و گووم بوون. "پەیمانی دوولایی" ناوی هۆنراوەیەکی قزڵجی‌یە: واسیلیویچ گوگول- رووسیە (۱۸۵۲-۱۸۰۹) ئانتوان چیخۆف - رووسیە (۱۹۰٤-۱۸٦۰) گی دومو پاسان - فەرانسا (۱۸۹۳-۱۸۵۰) کاترین منسفیلد- ئینگلیز، ویلیام فالکنەر ئەمریکا، ئیوان تۆرگنیێف و تۆلستۆی و ماکسیم گۆرکی - رووسیە، گابریل گارسیا مارکز - کولۆمبیا، ئەرنێست هەمینگۆی - ئەمریکا، خۆرخە لوئیز بورخس - ئارژانتین، عەزیز نەسین - تورکییا، سەمەد بێهرەنگی — ئازەربایجان و ئەحمەد خودادا — کرماشان لە بواری کورتە چیرۆکدا ناو بانگیان هەیە و لە مێژوودا ناسراون. مێژووی ڕۆمان و داستان لە ئوروپا سێ‌سەد ساڵ لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە پێش‌ترە.

## ٤. دەوری شانۆ

هەندی لە نوسراوەکانی حەسەنی قزڵجی، بەرەو سنووری شانۆگەری ملیان ناوە. چەندکەس قسەدەکەن و بیر و باوڕی خۆیان لە لابەلای وشەکاندا دەر دەبڕن. "تاج و تەختی کویخا هومەر و خەملی پەموو" نموونەی چاکی مەیدانی شانۆگەرین. چیرۆکی "بێهێنە و ناوی مەبە"، شێوازی کۆمیدی هەیە وشانۆیەکی سەرکەوتوانەیە. لەم وتارانەدا قزڵجی چارەڕەشی وەرزێر و پێگەی کۆمەڵایەتی و ستاتوسی ڕەنجبەران بە شێوەیەکی سیحرئاوی و بە چاکی شیدەکاتەوە و سەرنجی بێنەر رادەکێشێت.

## ٥. کێشەی ژنان و هەڵوێستی نووسەر

لە چیرۆکەکانی "نەدیداری حاجی، نە خەوی مزگەوت" و "نووشتەکەی ئامینەخان" هەڵوێستی ڕێزدار حەسەنی قزڵجی لە جلەپۆپە و شوێنی خۆیدا نییە. کاتێك بۆ بایز قارەمانی داستان، بە فێڵ و زمان لووسی حاجی، ژنی دووهەم (زیبا خانم) لە سابلاغ مارە دەکەن، ژنە شاریەکە لە ڕادە بەدەر فەخر و لووت بەرزی بە بەراورد ژنە گوندیەکە (خەزاڵ) نیشان دەدات و بە چاوی سووك و تەحقیرەوە پێ دەڵێت ژنە کرمانج. لە وڵامی بایزدا، دەڵێت: خۆ من کارکەر و قەرەواش نیم بە ژنە کرمانجەکەت بڵێ! ئەگەرچی فەزای چیرۆکەکە وا دەخوازێت، بەڵام جێگای خۆی و شیاوتر بوو کە باس لە دەست ڕەنگینی وڕەنج و ئازاری خەزاڵ کرابا. خەزاڵ وەك ژن، ڕۆڵەی ڕەنج و کارە و لە داوێنی مەینەت و ژیانی دژواری گوند پەروەردە بووە و لەبیرچۆتەوە. لە چیرۆکی" نووشتەکەی ئامینەخان" نووسەر هێچ ئیشارە و زانیاریەك سەبارەت بە ئامینەخان بە خوێنەر نادات و دوورە پەرێزە. لە حاڵێکدا ئامینەخان کچێکی گەورەساڵە، ژیان و گوزەرانی بە مانای واقیعی تراژیدیەکی لە تاڵ تاڵترە و ڕاستەوخۆ بۆتە قوربانی نیزام و سیستەمی فیئودالی.

له بەرهەمەکانی قزڵجی تەنیا یەکجار "ژن" قارەمانی چیرۆکەکانە. لەم چیرۆکەدا نووسەر تا رادەیەکی بەرچاو خۆی لە خەم، پەژارە، ناهومێدی، باری نالە باری ژیانی ئامینەخان بواردووە و لە ڕاستیدا هەر بەجارێك ئامینەخان کە خۆی قارەمانی چیرۆکەکەیە لەبیر کراوە. دەبوا نووسەر دەرد، مەینەت، هەژاری و هەرس‌هێنانی باری سایکۆلۆژی ئامینەخان و برینی سارێژ نەبوو و سارێژنەکراوەکەی باس‌کردبا و زانیاری تەواویی بە خوێنەران پێشکەش کردبا. خۆزگە نووسەرانی کورد سەبارەت بە تراژیدیای "ئاسکە ونبووەکانی" دەشتی گەرمیان، کە نزیکەی هەژدە کەنیشکی ناسکۆڵە بوون و پاش ئەسیربوونیان بە دەستی بەعس، لە وڵاتانی عەربی وەك کۆیلە فرۆشران و ئیستا ژیانیان تاڵ‌تر لە کەکرەیە، چیرۆکیان نوسیبایە.

## ٦. داگیرکاران و ژیانی نووسەر

بەرژەوەندی و پیلانی زلهێزەکان لە سەر قەڵاچوی نەتەوەی کورد و نەمانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد جێ بە جێ کرا. حکوومەتی پاشایەتی، فیکری نوێ و تازە و قەڵەمی سانسور کردبوو و هاو بیرەکان ئیزنی نووسینیان هەبوو و بەرهەم و نووسینی دژ بیرەکان بە توندی سانسور دەکرا. ئامێری گیۆتین* بۆ سەر پەڕاندنی ئازادیخوازان و دژبیرەکان ئامادەکرا و کەوتە کار. بە قەولی هێژا و نووسەر کاك فەرهاد شاکەلی، کۆماری مەهاباد جوانەمەرگ کرا و لەو هەموو تەقەمەنی و چەکە، هیچمان بۆ نە ماوەتەوە، بەڵام بەرهەمەکانی هێمن، هەژار، زەبیحی و قزلجیمان هەر بۆ ماونەتەوە. ئازادیخوازان و عەداڵەتخوازان ناچار دەبن، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێ بێڵن و بەرەو باشوری کوردستان کۆچ کەن. دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان ژیانی نووسەرانی دەورانی کۆمار، تراژیدیای پڕ و تژی لە مەرگەسات و کارەسات بوو. حەسەنی قزڵجی یەکێك لەو ئازادیخوازانەیە، کە ژیانی ئاوارەگی بەرەو پیری دێت. ناچار دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە، تووتنەوانی، کرێکاری، چایچی‌گەری، وێنەگری،، جووتیاری و میرزایی ناو دوکانی تاجرەکان بکات. قزڵجی وەك

کوردێکی "دیاسپۆرا" لە بولغارستان بەرهەمی جوانی پێشکەش بە گەلی کورد کردوە.

## ٧. نووسەر و گۆڤارەکان

هەوراز و نشێوی ژیان، زیندان، ژیانی ئاسایی، ئاوارەبوون و هەڵات هەڵات، ژیانی نووسەری دیاری کردوە و سەنگەر و حەشارگەی زۆری گۆڕاوە و هەرکات دەرفەتێك و موڵەتێکی گونجاوی دەست کەوتوە، بیر و هزری لە وتارەکاندا کۆ کردوەتەوە و لەم گۆڤارانەدا بڵاو بونەتەوە. کۆڕی زانیاری کورد، هەڵاڵە، نووسەری کورد، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، ڕێگا، کوردستان، ئاوات، نیشتمان، هیوا، ڕۆژی نوێ. کاتێك گەڕاوە بۆ کوردستان لە ڕۆژنامەی نامەی خەڵك (نامە مردم- ئورگانی ناوەندی حیزبی توودەی ئێران) وتاری نووسیوە و کاری تەرجومەی کردوە.

## ٨. ژیانی ڕەنجبەران و ستەمی تۆخی نەتەوایەتی

لە سیاساڵەکاندا ناسیونالیزمی پاوانخواز و ڕەگەزپەرستی داگیرکاران دەیان لوراند و ئەمنیە و پۆلیس، گیرفانبڕی هەژارانی کوردستان بوون. دەزگای داپلۆسێنەری کەم هاوتا، ڕەنجی شانی ڕەنجبەرانی هەڵدەلووشی. سیستەمی سەرکوتگەری داگیرکاران، تۆزقاڵێکیش لە نامەردی و دڵ بەردی خۆیان نەدەبوارد. بێ‌گومان ستەمی نەتەوایەتی ئازاری میللەتی کورد دەدات و لێی بێزارە. میلان کوندێرا* ١٩٢٩ زایینی سەبارەت بە زمان دەڵێت: هەوەڵین هەنگاو بۆ فەوتاندن و لە ناوبردنی نەتەوەیەك، سانسور وسڕینەوەی فەرهەنگ، زمان وکولتوریەتی. لە ئاسۆی بیرو باوەڕی نووسەر گزیر، ئاغا، شێخ، سەید، بەگ، کوێخا لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا نین. ئەگەریش هەبن فرە کز و لاوازن و وەك مێمڵ لەسەر بەرهەمی ڕەنجی شانی کرێکاران، ڕەنجدەران و وەرزێران دەژین. حوسێن قوڵی کە ژاندرمەیە دەڵێت: من پیاوی حکوومەتم و دەبێ دەستور و فەرمانی دەوڵەت بەجێ بگەیەنم. لە مەلای ئاوایی کە جل و

بەرگی "کوردی" لەبەر کردوە، پەڵپ و بیانوو دەگرێ، بۆ جل و بەرگی"فەرەنگی" لەبەر نەکردوە؟ پێنج تمەن پارە داوا دەکات. سێ تمەن کۆدەکرێتەوە و لەباتی دووتەمەنەکەی تر، لە مەلا داوا دەکات، قورئان بۆ دایکی مردووی بخوێنێت. لەم دوو ڕستەدا، ئاماژە بە دڵڕەقی کاربەدەستانی حکوومەت و تینەگەیشتوویی ژاندارەمەکە کراوە و، پەردە لە سەر ئاستی بەرزی ستەمی نەتەوایەتی لابردراوە. لە داستانی "چایی دیواخان"، خاوەن ماڵ شڵەژاوە و دڵەراوکێ گرتوویەتی، کە ڕەنگە ژاندارمەکان لە تەویلە و ئاخۆڕی ئەسپەکان، لەناو کادێن و لە کونەدیوارێك فیشەك قایم کەن و بیشارنەوە و گێچەڵ و پەڵپی پێ بفرۆشن و فیشەکەکان بدۆزنەوە و ناچاریان کەن تاوانی قورس و جەریمە بدەن.

## ۹. لایەنگری ڕاستەوخۆ لە عەدل و داد

کاتێك حکوومەتی نۆرویژ دیاری و خەڵاتی نوبیل بە هێنری کیسینجر وەزیری دەرەوی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبەخشێت، هاواری نووسەر بەرز دەبێتەوە. ئەمە لە بارودۆخێكدایە کە چاوی ڕاست لە چاوی چەپ، دەستی ڕاست لە دەستی چەپ و هەنگاو لە ڕێگا و قەڵەم لە کاغەز دەترسێت وئەم هەڵویستە شەهامەت و خۆبەخشی دەوێت. پاش شکەستی بزووتنەوەی کورد لە ۱۹۷٥ی هەتاوی کیسینجر لە دیدار لەگەڵ ڕۆژنامەوانەکانی جیهانیدا وتی: "ئێمە پشتی کوردەکانمان بەردا. سیاسەتی ئێمە بەرامبەر بە کوردەکان بێ ڕەوشتانە بوو. وازمان لە کوردەکان هێنا هەتا عێراق دەستی بۆ لێدانی سووریا ئازاد بێ". کەواسا نووسەر هێنری کیسینجر بە شیاوی ئەو خەڵاتە نازانێت. نیکسۆن سەرۆك کۆماری ئەمریکا داوا لە عێراق و ئێران دەکات کە بزووتنەوەی کورد سەرکوت و ناکۆکییەکانی خۆیان چارەسەر کەن و شۆڕشی کوردیش بە "شێرپەنجە" ناو دەبات. قزڵجی بە توندی ڕەخنە لە سیاسەتی فەرانسا و ئەمریکا دەگرێ. ڕەخنەکان لە دیالۆگێکدا کە کاراکترەکان بەراز، گورگ، ورچ، چەقەڵ وکەرویشکە باس دەکات.

## ١٠. تەرجومەی شاکارەکان

ڕێزدار حەسەنی قزڵجی، هەندی لە شاکارە جوان و ناسکەکانی نووسەرانی جیهانی بۆ سەر زمانی کوردی تەرجومە کردۆتەوە. تەرجومەکان بەرەو لووتکە بەرزەکانی خەیاڵ هەنگاو دەنێن. دوای ئاوابوونی کۆماری کوردستان ١٩٤٧-١٩٤٦ی زایینی دەنگی ئازادیخوازانی نرخناس، ڕووناکبیرانی مرۆڤدۆست کپ کرایەوە و لەو بارو دۆخ و سەردەم و خولە تەم و مژاوییە و تاریکەدا و تەنانەت لە تاراوگە و هەندەران دیسان مەشخەڵی ڕووناکبیری و نوێخوازی و بیرمەندی هەڵگرتووە. قزڵجی بۆ پلورالیزم و فرەچەشنی ڕێزی هەیە. ئەم ساڵانە هەندی کتێب لە باشوری کوردستان، لە لایەن تاقمێك "زڕە نووسەر" کاڵفامانە تەرجومە کراوەنەتەوە، هەرگیز ئەمانەتداریان نەکردوە و تەرجومەکان لە دارێکی زڕ و بێ بەر و لە تاڵاو و خومێکی حەوت ڕەنگ دەچن. لە ڕاستیدا تەم و مژ تەرجومەکانی داگرتووە و ئەوپەڕی سووکایەتی بە فەرهەنگی کورد، خوێنەری کورد و زمانی کوردی کراوە. تەرجومەکانی قزڵجی بریتین لە:

* مەرگی فەرمانبەر، خۆکوشتن - ئەنتۆن چیخۆف
* چارەڕەشەکان(چیرۆك) - ویکتۆر هۆگۆ
* پەنجەرەیەك بەرەو ڕۆژئاوا - عەزیز نەسین
* بەرهەمەکانی شۆلۆخۆڤ، ماکسیم گۆرگی و ئی- هانری ئەمریکی
* عیشق(ئەوین) - دیمیتر ئیڤانۆڤ نووسەری بولغاری. دیمیتر ئیڤانۆڤ زۆرتر بە ناوی ئێلین پێلین ناسراوە.

## ١١. کاراکتری قزڵجی لە ماسمێدیا

ڕێزدار حەسەنی قزڵجی ماوەیەك بەرپرسی بەرنامەی کوردی ڕادیو پەیکی ئێران بووە. ئاسۆی بیرکردنەوەی جیهانگەرایی* و سێکۆلاری* بووە. لەم ماسمێدیایەوە چەندین بەرنامەی زانستی سەبارەت بە مارکسیزم - لەنینیزم ئامادە و بڵاو کردۆتەوە. سۆسیالیزم، ماتریالیزمی مێژوویی، خەباتی حیزبایەتی،

ستراتێژی، دیالەکتیك، شۆڕشی کۆمەڵایەتی، ماتریالیزمی فەلسەفی، سەرمایەداری، پێوەندیەکانی بەرهەمهێنان، چینەکانی کۆمەلگا، دەوڵەت، تیئۆری و پراکتیك و شێوەکاری نهێنی گرینگترین وتارەکانی قزڵجی بوون.

## ١٢- ئاسۆی بەرهەمەکانی نووسەر

نووسەرێکی ڕئالیست و پێشکەوتوو بۆ زۆربەی هەرە زۆری شارومەندان دەنوسێت و نووسراوەکانی لە خزمەت بەرژەوندی و ئامانجەکانی ڕەنجبەراندایە. لە ڕوانگەی نووسەری ڕئالیستەوە دیواری حیزبی و ئامانجە بەرتەسکەکانی تاکەکەس و ڕێکخراوە هیچ کاتێك نابێ پیرۆز، تابۆ و موقەدەس بێ. لێرەدا لێکدانەوەکان و هەڵسەنگاندنم هەرگیز بێڕێزی بە نووسەر نی یە.

١. بەرهەمەکانی نووسەر بەگشتی سەبارەت بە ڕەنجدەران و "خۆشنەژین"ەکانی دێهاتی کوردەواری نووسراون. ئێشەکان، برسێتی، نەخۆشیی و نەخوێندەواری، ئازار و کوێرەوەری ڕەنجدەرانی گوندەکانی کوردستانی زەق کردۆتەوە و بۆ زۆربەیان ڕاسپاردەی کۆمەڵایەتی و مرۆڤدۆستانەی پێشنیار کردوە. ئایا ژیان و گوزەرانی هەژاران و پەراوێزنشینەکانی شار، لەگەڵ مەینەت و کوێرەوەری تێکەڵ نەبووە؟ بڵێی چینی تازە پێگەیشتوی بورژوازی بە بەراوەرد لەگەڵ نەداران و پەراوێزنشینەکانی شارەوە، دلۆڤان و مێهرەبان بووە؟ ئەگەرچی گەورەسەنعەت و پیشەسازی یەکان، هەروەها پێوەندی کۆمەڵایەتی بورژوائاسا هێشتا لە بەستێنی شار کز و لاوازە، بەڵام ناکۆکی یەکانی ژیانی شاری و مەدەنی لە نووسراوەکانی قزڵجیدا لە ئاستێکی بەرزدا نی یە و کەمتر باسی لێکراوە و ڕەنگی داوەتەوە. لە ڕاستیدا لەلایەن نووسەرەوە کەمتر سرنجدراوەتە بەشی ڕەنجدەرانی شار و کەمتر باسی پارادوکسی ناو شار و کێشە کەڵەکەبووەکانی کراوە. قزڵجی لە شار ژیاوە و شارناسە. نووسەر بۆخۆی شاربەدەری دەستی سیستەمی بورژوازی ئێرانە کە وەك

کادرێکی پەڕیوە و ئاوارە، لە هەرێمی کامیاران گیرساوەتەوە. ئایا دەتوانین ئەم دیاردەیە لە خانەی ڕەخنەدا پۆلبەندی بکەین؟

٢. لە چیرۆکی "کەشکۆڵی جادوویی" ئەگەرچی زۆر بیر و هزری پێشکەوتووی تێدایە، بەڵام خۆزگە نووسەر لە سەر شێواز و قاڵبی سیمبۆل و هێما چیرۆکەکەی نووسیبایە. هەموو بەستێن و زەمینەکان ڕاستی و ڕئالیستین، پاشان بەرەو ئەفسانەی خورافی هەنگاو دەنێت. بڵێی نووسەر لە ئاستێکی بەرز و شارەزایی زماندا نەبووە، کە چیرۆکەکە لە بەستێنی هێما و سیمبۆلدا مەترح دەکات؟ قارەمانی چیرۆکەکە کوڕێکی ئازا و ماندوویی نەناس بە ناوی وەیسە. وەیس لە تاڵی ژیان و زەحمەتی نان بەدەس هێنان وەڕەز، ئاوارە و سەرگەردان دەبێت. پیرەمێردێك چارەی دەردی دەکات. "کەشکۆڵی جادوویی" بە وەیس دەدات. وەیس پێ‌وایە و بەو قەناعەتە گەیشتووە کە لە هەموو ڕەنج و مەینەت و برسێتی ڕزگاری دەکات. ئایا "کەشکۆڵی جادوویی" دەتوانێ چارەی دەردی دەیان میلیۆن هەژار وەك وەیس بکات؟ ئایا هەڵویستی نووسەر لەم چیرۆکەدا، زانستی و لۆژیکە؟ ئایا نووسەر پەنای بۆ دیاردەی میتۆلۆژی نەبردوە؟ ئایا بیری پێشکەوتووانە ومودێڕن و زانستی لێرەدا بزر و شاراوە نی‌یە؟

٣. لە داستانی "خەملی پەموو" نووسەر بە ڕاشکاوی دەور و نەقشی سەید، شێخ، مەلا،کوێخا وگزیر کە ئامێری دەستی بەگ و فیئودالەکانن نیشان دەدات و دژی تاقمی مێمڵ و بێکارە کە بازرگانی‌یان بە ئایین و مەزهەب کردوە، قسە دەکات. نووسەر بە ڕاشکاوی دژی هەڵسوکەوتی شێخ، بەگ، مەلا و کوێخا بووە و هەمیشە بە چاوی گاڵتە، تەوس پەردەی لە سەر بیر و باوەڕیان لابردوە. لەیەك کەلامدا نووسەر دژی داب و نەریتی کۆن و داڕزیو و خورافی ناو کۆمەڵگایە. بەڕاشکاوی لە جووتیاران، پاڵە و ڕەنجبەران دیفاعی کردوە. سۆفی نامیق قارەمانی چیرۆکەکە، هەڵویستێکی ئازایانە دەگرێ و لە وتەو قسەدا بەڵێنی بەرخودان دژی چەوسێنەران دەدات. بڵێی سۆفی نامیق لە حاست خاوەنزەوی و دەست و

پێوەندی یەکانی، بەرخودان و ئیعترازی کردبێ؟ لەم پیڤاژەدا هێچ شتێك ڕوون و دیار نی یە کە بۆچی قارەمانی داستان کە لە داخان دەهری بووە، پەیمانشکێنە و لە قسەی خۆی پاشگەز بۆتەوە، بێدەنگی پێشەدەکات؟ بۆ قارەمانی چیرۆکەکە تۆڵە ناکاتەوە؟ پەیام و ڕاسپاردەی ئەم چیرۆکە لێڵ و مژاوی یە.

٤. لە داستانی "عادەتی بازاڕ"، چەوسێنەر و خاونکار پێش ئەوەی نهێنی و ڕازەکانی ئاشکرا کرێ، میرزا و کاتب دەر دەکات. خۆزگە نووسەر وای گونجاندبا کە کاتب خۆی دەستی لە کار کێشابا و وازی لە کارەکە هێنابا. ڕاسپاردە و پەیامەکە لە جێگای شیاوی خویاندا نین!

٥. لە چیرۆکی "چایی دیواخان" قارەمانی چیرۆکەکە یەك کاراکترە. میرزا ڕەحمان بازرگانە و لە شاردا دەژێت. پلە و ستاتوسی کۆمەڵایەتی و چینایەتی خۆی نزم دەکاتەوە و دەبێ بە ئاغا میرزا ڕەحمان و بەرەو ژیانی گوندنشینی، شار بە جی دێڵت و لەم پڕوسەیەدا جێگای چینایەتی خۆی دەگۆڕێت و دەبێتە فیئودال. یانی شوێن و جێگای چینایەتی خۆی لە بورژوازی ناو شارەوە بۆ فیئودالی ناو دێهات دەگۆڕێ. لەڕاستیدا بە پێی پرینسیپ، مەنتیق، قازانج و ئامانجی ئابوری باشتر وابوو جێگۆڕکێ چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگا ژیرانە و لۆژیك بن. بۆ وێنە ڕەحمان ئاغای فیئودال بەرەو  شار ڕویشتبا و ببوایە بە میرزا ڕەحمانی بازرگان. لیرەدا بۆچۆنێکی نائاسایی و ئاوەژوو لە ستاتوسی بورژوازی بۆ دەرەبەگایەتی هاتۆتە ئاراوە. ئەم خەسڵەت و عادەتانە لەناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ئاوارتە و دەگمەنن. لە پێوانەی ئابوری و ڕەوتی گۆڕانی کۆمەڵگادا، کۆچی فیئودالی دەوڵەمەند بەرەو شار و هەڵبژاردنی پیشەی بازرگانی ئاسایی‌تر، عادی‌تر و گونجاوترە. چونکوو لافاوی گۆڕان، هەمیشە دیاردە کۆن و بەسەر چووەکان ڕادەماڵێ. ئایا دەکرێ ئەم دیاردەیە لە یانەی ڕخنەدا پۆلبەندی بکرێت؟ مەنتیقی بێڕەحمی ئابوری بە پێچەوانەی ئەم جێگۆڕکێ یە قسە دەکات و هەڵویست دەگرێت. دەبوا فیئودالەکە، بەرەو ژیانی شاری

ڕۆیشتبا و ستاتوسی کۆمەڵایەتی و ئابوری خۆی گۆڕیبا. لە نموونەی چیرۆکی "نە دیداری حاجی و نە خەوی مزگەوت" نووسەر سەرکەوتوانە ڕەوتی جێگۆڕکێی چین و توێژەکان نیشان دەدات. بایز قارەمانی چیرۆکەکە لە پێگە و ستاتوسی جووتیاری‌یەوە بەرەو دووکانداری (وردە بورژوازی) ناو شار ملی‌ناوە و نووسەر ئەم جێگۆڕکێ و کۆچەی شارەزایانە و سەرکەوتوانە باسکردوە.

* * *

کورد یەك نەتەوە و کوردستان یەك نیشتمانە! ئێمە لە ناو ساتە تاریکەکانی مێژوودا تێپەڕ دەبین. ئایا متمانە بەخۆیی لە مێشکی ڕووناکبیرانی کورددا سەقامگیر بووە؟ داگیرکاران تەنیا بە چەك و کیمیا باران، کۆچی زۆرەملی، قەڵاچۆ، زیندان وگازی شیمیایی و لە سێدارەدان، شەڕ لەگەڵ گەلی کورد ناکەن، بەڵکوو بە ئامێری ماسمێدیا لەگەڵ فەرهەنگ، کولتوور و زمانی کوردیش شەڕ دەکەن. کوردستان داگیرکراوە، کەوایە سەرخان و ژێرخانی ئابوری و هەل‌و مەرجی مێژوویی ئیستای کوردستان بۆ خەباتی چینایەتی گونجاو نی‌یە. گەلی کورد ئیستا لە قۆناغی شەڕی ناوخۆیی چینە جیاوازەکانی نی‌یە، بەڵکوو لە قۆناغی شەڕی ڕزگاری نیشتمانی‌دایە. وەرچەرخانی مێژوویی و شنەی گۆڕان، پرۆسەیەکی کتوپڕ نی‌یە. هەندی فاکتەر و بنەمای کۆمەڵایەتی لەئاکتیڤ و پاسیوبوونی ڕووداوەکان دەوریان هەیە. لەمەر بێدەنگی ئازادیخوازان و مرۆڤە ڕادیکاڵەکان و نە لەبەر سیستمە خراپەکان، جیهان پڕە لە جەنایەت و بێ عەدالەتی. تەرجومەی شاکارەکانی ئەدەبیاتی جیهان* بۆ سەر زمانی کوردی، دەتوانێ، پردی پێوەندی بێت و زمانی کوردی لەگەڵ ئەدەبیاتی جیهانی گرێ بدات. مرۆڤ سەری سوورماوە بۆ ڕادەی بەرهەمی شاعیرانی کوردستان کە گەلێك لە ڕادەی پەخشانی

نووسەرەکانی زۆرترە؟ نووسەرانی‌تر بەرهەمی چاکیان نووسیوە بەڵام بە داخەوە کاتێك بە بیرخانەی مێشکم‌دا چوومەوە ناوەکانیانم وەبیر نەهاتەوە. بە باوشێکی تژی لە خۆشەویستی بۆ ئەو نووسەرانە، هیوادارم دڵمەند نەبن و دڵنیام لەبیرچوونی ناوکانیان لە گەورەی‌یان کەم ناکاتەوە .

## زانیاری پێویست

- **ئەحمەد خوداداد** (۱۸۸۲-۱۹۵۵) یەکەم چیرۆکنووسی کوردە، لە گوندی دینەوەری ناوچەی کرماشان لەدایکبووە، کتێبی- روزگار سیاه کارگر- ی نووسیوە کە لە لایەن جەنابی عەبدوڵلای مەردوخەوە لەژێر ناوی "چارەڕەشی وەرزێر" کراوەتە کوردی. ساڵی ۱۹۲۷ی زایینی بۆ یەکەم جار بە زمانی فارسی لە کرماشان چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ساڵی ۱۹۳۰ زایینی لە لایەن ئەلف – شەهری‌یەوە بە زمانی رووسی تەرجومە و لە مۆسکۆ بڵاو بۆتەوە و لە ساڵی ۱۹۳۵ی زایینی دیسان لە تاشکەندیش چاپ کراوەتەوە.
- **ئێبراهیم ئەحمەد** سەرنووسەری گۆڤاری گەلاوێژ چەندین چیرۆکی ئینگلیزی بە زمانی کوردی تەرجومە کردوە و لەگەڵ کورتە چیرۆکەکانی خۆی لەم گۆڤارەدا بلاوی کردونەتەوە. ئیبراهیم ئەحمەد شێعری "یاران" کە هی‌خۆی بووە بە بۆنەی لە سێدارەدانی قازی محەمەد و شێعری "ئەی نائومێدی" پیرەمێردی بە بۆنەی ڕووخانی کۆماری کوردستان لە گەلاوێژدا بڵاو کردۆتەوە.
- **ساتیر** هەمان ئێرۆنی، گاڵتە، تەنز و توانجە کە نووسەر بۆ دەربڕینی ڕاسپاردە، پەیام و مەبەستەکانی پەنا بۆ ئەم گەنجینە هونەری‌یە دەبا.
- **ژێ – کاف** ڕێکخراوەیەکی نهێنی ئازادیخوازان و شۆڕشگێڕانی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە ڕێزدار و هێژا جەنابی عەبدوڵرەحمان

زەبیحی لە ئاستێکی بەرزدا ڕێبەری ئەم ڕێکخراوەیەی کردوە. لە ئەساسدا ناوی ڕێکخراوەکە "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" بووە.

- **دیاسپۆرا** وشەیەکی یونانی‌یە و لە جڤاکناسی هاوچەرخدا بە پرژ و بڵاوبوونەوەی جولەکە لە جیهاندا، دیاسپۆرا دەڵێن. پێم وایە ئەم تەعبیرە بۆ کوردی هەندەرانش لۆژیك و گونجاوە.
- **مەلا نەسرەدین** گەورەترین هونەرمەندی سورپالیست بوو. ئیستاش چەند وڵات و لەوانە: تورکیا، ئێران، کوردستان، سوریا، عیراق، هەروەها تاجیکستان و ئوزبەکستان مەلانەسرەدین بە نووسەری خۆیان دەزانن. ئەوەی‌کە زمانی زگماکی مەلا چ بووە و بە چ زمانێك قسەی کردوە هیشتا ڕوون نی‌یە.
- بەڕێزان: **ئیبراهیم یونسی** و **محەمەدی قازی** دوو وەرگێڕێ پایەبەرزی گەلی کورد، شاکارە جوانەکانی ئەدەبیاتی جیهانی‌یان بە "فارسی" تەرجومە کردۆتەوە و پردی پێوەندی نێوان کولتوور، فەرهەنگ و زمانە جیاکانی جیهان بوون. هاوکات خزمەتی گرانبەهایان لە بواری تەرجومەدا تۆمار کردوە.
- **ئەحمەدی خانی**(١٧٠٧-١٦٥١ زایینی) مەم و زین-ی نووسیوە کە لە واقیعدا ڕۆمەئۆ و ژوولیەتی گەلی کوردە.
- **دوکتور گیۆتین** خەڵکی فەرانسا بوو و ئامێری سەربڕینی دروست کرد و تەنانەت دوکتوریش بۆخۆی لەم ئامێرە ترسناکە ڕزگاری نەبوو و سەری خۆشی پەڕاند و داپاچی.

(Satir, Ironi ), Orthography,Globalization,Secularism, Milan Kundera, Diaspora

ئوکتۆبری ٢٠١٦ سوید

# تەنز لە چیرۆکەکانی مامۆستا حەسەن قزڵجیدا

سەیدیاسین قورەیشی



بۆ باس و لێدوان لەسەر ئەو بابەتەسێ چیرۆك لە سەرجەمی بەرهەمەکانی مامۆستا هەڵبژاردراوە، چون باسەکە وردبینانەیە، پتر لەوە لە حەوسەلەی کۆڕەکەدا نەبوو. ئەو چیرۆکانە بریتین لە:

١- پێکەنینی گەدا.

٢- بیهێنە ئەمما ناوی مەبە.

٣- قورعان خوێندن لە جیاتی پارەی بەریتل

تێم یا تێزی چیرۆکەکان لە ئەزموونی مامۆستا کە یا دیویەتی یا بیستوویەتی ڕوونە هەر مرۆڤێ مافی خۆیەتی سەبارەت بە جیهان، ژیان و مرۆڤ بیر و باوڕی فەلسەفی، ڕامیاری و یا هەر جۆرە هەڵوێستێکی بێت و مامۆستاش هەروەتر، بەڵام من وەك چیرۆکنووسێکیش لەگەڵ دوو مامۆستا قزڵجی ڕووبەڕوو بوومەتەوە:

۱- مامۆستا قزڵجی ناو وڵاتی کوردەواری.

۲-مامۆستا قزڵجی تاراوگە و هەندەران لە وڵاتانی ئورووپی و وڵاتانی دی ژیاوە.

کە هەر دوو کۆمەڵگا لەسەر ئاسەوارەکانی ئەو شوێندانەر بوون. لە چیرۆکەکانی ئەو چیرۆکنووسە بناغەی هەقایەتی فۆلکلۆر دیارە، بەڵام دواتر تەکنیکی چیرۆکی تازە و خوێندنەوەی بەرهەمی ئورووپی زیادتر لە بەرهەمەکانیدا بەرچاوە. من هەم لە بابەت خودی چیرۆکەکانەوە دەدوێم، هەم لەبارەی تەنزی ناو چیرۆکەکانەوەبە پێی لێکۆڵینەوەیەکی کە لەسەر نەوعەکانی تەنز کردوومە خشتەیەکەم دەرهێناوە کە عینوانی ۶۰ جۆر تەنزی تێدایە، هەڵبەت بڕێکیشم نەهێناوە چون پتر سینەمایی بوون و لەو بوارەدا کەڵکیان لێ وەرگرتووە وەك فیزیکی جەستە و جیاوازی زاراوەکان و یا شوبهاندن بە جانەوەر وەك «مشك و پشیلە»ی عوبەیدی زاکانی خۆشێت کردنی باڵوڵ و ... بازنەی مانایی هاوبەش لە نێوان ئەو وشەگەلە، هەوێنی بزە و پێکەنینە. هەرچەند ڕەنگە لە وردەکارییەکانی چیرۆکەکاندا لە نەوعە جۆراوجۆرەکانی تەنز کەڵك وەرگیرابێ بەڵام بە گشتی دەتوانین چیرۆکەکان وەك لەتیفەیە مەزندە بکەین.

**لەتیفە**

لە وشە لەتیف، بە مانای وتەی نەرم هاتووە و لەتیفەش خۆی جۆرێ کورتە چیرۆکە. فرۆید گوتەنی: لەتیفە وتەیەکی بزەهێنەرە کە بە گشتی سروشتییە و لە سروشتی مرۆڤەوە سەر چاوە دەگرێت.

کاکڵی لەتیفە، دەق لە بارودۆخێکەوە بەرەو بارودۆخێکی دی دەبات بەو فەرایەندە «ئیهام زدایی» واتا سڕینەوەی ئاڵۆزی و کردنەوەی گرێ لە دەق دەڵێن.

*شگیردەکانی دەسەڵاتدار بە سەر لەتیفە: فرۆید جگە لە ڕوویکەرد لە شگیرد واتا تەکنیکەکانی لەتیفە دوواوە وەك: ئیدغام واتا لێکدان، جیناس جێگۆرکی، بێ مانایی، بەڵگە هێنانەوەی گەوجانە، یەکسان سازی، کاربوردی چەند جۆری بابەتێك، نواندنەوە لەڕێگەی دژایەتییەوە، نواندنەوە لە ڕێگای ناڕاستەوخۆوە و دوو مانایی یا چەند مانایی کە گرینگترینیانە.

**دوومانابیەکان چەند جۆرن:**

١- ئیهام: بە هۆی لێڵی و ئاڵۆزی ماناکانی نادیارە

٢.- ئیهام: دوو مانابیە

٣.- جیناس: دوو مانا وەك یەکن

٤- کینایە: نووسەر شتێ دەڵێ، خوێنەر بۆچوونێکی دی هەیە

٥.- طعنە واتا تانە کە مانایەکی دروستی هەیە و بەر دەنگ دەسبەجێ ئەو مانایە دەگرێ. (مەبەست لە ستایش مەسخەرە کردنە)

**بەشەکانی لەتیفە:**

١- دەسپێك، کە چاوەڕوانی دوابەشی لێ ناکرێ

٢- تەناقوز یا دژایەتی، کە لە ڕواڵەتی وتووێژدا دەردەکەوێت

٣- کردنەوەی گرێ، کە هۆکارێکی بنەڕەتییە

٤- ڕزگار بوون، کە دەبێتە هۆی لاچوونی گوشار و شادی هێنەری

هەڵبەت ئەوەش جێی ئاماژەیە کە تەنز هەمیشە شیرین و شادی هێنەر نییە، بەڵکوو هێندێ جار تاڵ و ڕەشە. بە تەنزی شیرین، ڕوونە پێدەکەنین، بەڵام لە تەنزی ڕەش و تاڵدا بە پێکەنینی خۆمان پێدەکەنین و بە خۆمان، کە ئەو ڕووداوە چ جێی پێکەنینە.

*چیرۆکەکانی مامۆستا حەسەن قزڵجی، چیرۆکی کۆمەڵایەتی، کەلتووری و مێژوویین کە بە سەبك و شێوازێکی ڕێئاڵ و واقیع گەرایانە لە ڕوانگەیەکی چینایەتییەوە کە پێش بیرۆکەی نووسەرە وەك خاترە و بیرەوەرییەك یا بڵێین سەفەرنامەیەك بە زمانێکی پوخت و پاراو و پەتی ئاوێتە بە کەلکتوور و فولکلۆر و داب و نەریتی کوردەواری بە خوێنەرانی خۆی کە دەتوانێت زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتە بێت پێشکەش دەکات ئەو چیرۆکانە چەشنی ئاوێنەیەکی باڵاڕوان دۆخی نیزامی دەرەبەگایەتیی ئەوکات کە نموونەیەکی هەرە بچووکە لە گەندەڵییەکانی نیزامی پاشایەتی بە کەڵك وەرگرتن لە وەسفێکی وردبینانە و پڕ لە هەستی و نەستی وەها بە ئێمەی خوێنەر دەنوێنێ کە دەرهێنەرێکی سینەما نەیدەتوانی بە زمانی فیلم و چەند دووربینە ئەو ڕووداو و بەسەرهاتە لە فەزایەکی پاستۆراڵ لادێی ئەوتۆدا بە ئێمەی خوێنەری ڕاگوێزێت.

ئەگەر نووسەر بتوانێت خوێنەر بەرێتە ناو چیرۆکەکەیەوە و بەرەو «هاوزات پینداری» هانی دات بە متمانەوە دەتوانین بڵێین لە کارەکەیدا سەرکەوتووە مامۆستا لەوپەڕی توانابیدا ئەو کارەی کردووە.

فەزای چیرۆکەکانی مامۆستا قزڵجی نیشاندەری ئەو ڕاستەقینەیەکە نووسەر خۆی لەو فەزایەدا ژیاوە و کاراکتێرەکانی بە تەواوی ناسیوە کە توانیویەتی بەمەی خوێنەری بیانناسێنێت. کەسایەتییەکانی چیرۆکەکان خەڵکێکی زیندوون.

*چیرۆك دیاردەیەکی نوێیە و چیرۆکنووس مۆدێرن. مامڵەی نووسەری نوێ لەگەڵ زمان وەك شاعیرە، نووسەر لەگەڵ نەحوی نەسر، شاعیرانە دەنووسێت. چیرۆکەکانی مامۆستا فرەمانایی نین و کۆتاییەکەی ناکەوێتە ئەستۆی خوێنەر، بەڵکوو نووسەر خۆی کۆتایی پێ دێنێ.

ئەوجی چیرۆك، بەرزترین خاڵی تامزرۆیی و لوتفی چیرۆکە. گەیشتن بەو «ئەوج»ـە سەرنج ڕاکێشە و قەناعەتی پێویست بە خوێنەر دەدات. («تەحقیر»ی ئاغا واتە مەجید بەگ لە چیرۆکی «بیهێنە، ئەمما ناوی مەبە» بە حەرەکەت تەواو دەبێ، پێدادانی جلی ئێستر بە ئاغادا.)

پاڵەوانی چیرۆکەکانی مامۆستا قزڵجی هیچکامیان بۆ خوێنەری کورد نەناسیاو نین. هەموویان لە چین وتوویژەکانی کەمەڵگای کوردەواری هەڵبژاردراون. مامۆستا کۆمەڵگای کوردەواریی لە هەموو کەس چاکتر ناسیوە، و لەم چەند چیرۆکە کورتەدا نموونەی ژیانی دەرەبەگی چەکمەڕەق کۆنە بەگێکی بارگین تۆپیو،شێخێکی دەستبڕ. دەروێشێکی زەرگ وەشێن، جوتیارێکی زۆرلێکراو، باب نۆکەرێکی زمان لووس، کار بە دەستێکی بەرتیل خۆری بێگانە، تاجرێکی سووت خۆر و تەماعکار، جاسووسێکی نیشتمان فرۆش، تەنانەت ژنێکی چاوڕەش و بێ بەش کوردی دەبینین بە تەنزێکی تاڵ. ئێستاش ئەو دۆخە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوکات نییە. بەڵام پاڵەوانەکانی بە حەقیەت وەها نین.

**نەوعەکانی وەسف:**

١- وەسفی ڕاستەوخۆ

٢- وەسفی ئاوێتە بە گێڕانەوە و وتوویژ (ڕەوایەتی تەوسیفی)

٣.- وەسف بە یارمەتی وتوویژ

بە بڕوای من وەسفەکانی مامۆستا لە نەوعی دووهەمە.

- **چەند دەنگێ لە لەحنی کاراکتێرەکان:**

مەجیدبەگ لە وەڵامی فەرەجدا: بێدەنگ بە، سەگباب. کە بە پێی وشەنامەی دێخودا ئەوجنێودانەش تەنزە. لە دیالۆگێکی دیدا، دیسان مەجیدبەگ بە فەرەج دەڵێ: وست بە، کەرە. لەحن پیاوانە و دەرەبەگانەیە. بەڵام گوێ بدەینە میمکە پیرۆز ژنی لالۆڕەحمان کە بۆ خوداحافیزی هاتبووە لای خانم، دەڵێ: ئەیرۆ خانم گیان تۆخوا بۆ دۆعای شەڕ لە هاوماڵەکان دەکەی! ئەوانیش وەك تۆ ڕۆڵەی شیرینیان هەیە. لەحن تەواو ژنانەیە.

- **وەسف:**

١. ڕاستەوخۆ

٢. ناڕاستەوخۆ

زارا خانم هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: ئەو ڕەعیەتە بێوەفا و ناپیاوانە بەجێیان هێشتین...

نووسەر لە زمانی کەسایەتیی زاراخانمەوە ناڕاستەوخۆ بە هێنانی وەسفی ڕەعیەتەکانەوە، جێگەو پێگەی زاراخانم کە خانمە و ژنی ئاغایە دیاری دەکات.

**تەنز:** ئەگەر بڕوانینە پێشینەی نووسەر بە ڕاشکاوی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نووسەر یان بڕوامەند بە ئایین نەبوویێت یان بە شێخ و خانەقا، بەڵام وەك ڕەخنەگرێك بە هێنانی جێ جێی بیرۆکە لە زمانی کەسایەتییەکانەوە وەك: بەجێیان هێشتین. لە دێیەکی چۆڵوهۆڵدا هەر چاکە شێتیش نابین. سەیدی زەنبیل ئاور لە عەمر و ماڵیان بەردات.

خانم گیان! دەم خۆش. قەت دۆعای شەڕ لە خەڵك مەکەن. ئێوە نەجیمزادەن. و دمی باش نییە.

ناشکوری نەبێت دێیەکە نەگبەت گرتوویەتی. مامۆستا ئەو بیر و باوڕانەی بە سوخرە و گاڵتە زانیوە «تەهەکوم»و بە تانەو تەوسەوە لێیان دەڕوانێت.

- غەیری ئاسایی کردنی دەق بە دوو شێوە:

١- **شاعیرانە:** تەبەقی زێڕینی ڕۆژ لە کام کەژوچیاوە سەری لە کەل دەرهێناوە و بە پڕشنگی خۆی گوندی «تەپەڕەش» زێڕەوشان دەکات.

٢- **تەنز:** ئەگەر لەو وەختەدا سەری بەرز کردایەتەوە لە بەرامبەری خۆی بیرِوانیبایەتە تەبەقی ڕۆژ ڕەنگبوو لە کولێرەیەکی گەنمەشامیی داغ بەولاوە هیچی تری بە خەیاڵدا نەهاتایە.

**وەهەروا:**

شوبهاندنی مل بە فەنەر واتا «شی‌شدگی» مرۆڤ کە خۆی یەکێ لە مەرجەکانی بەدی هاتنی تەنزە (بڕوانە چارڵی چاپلین و فیلمی عەسری جەدید)

دیسان تەنز بە شێوەیەکی دی «تەهەکوم»:

گەلێ لەوانەی بۆ کار دەگەڕان کە حەمەڕەش داوای کاری دەکرد، سەریان ڕادەوەشاند و دەڕۆیشتن، لەبەر خۆیانەوە دەیانگوت: کرێکاری چاکی! نۆرەی ئەوەیە لە کارەکەمدا بمری کفن و دفنی تۆشم بە ڕیشەوە بێ.

نموونەیەکی دی: سەرتاپا دەتگوت لە قیرت هەڵکێشاوە، ڕەشاوی لێ دەچۆڕاوە و بە دوایدا خەتێکی ڕەشی لەسەر لاپەڕی بەفری سەر زەوییەکە دەکێشا، بەڵام لەو وەختەدا کێ هەبوو ئەوندە ورد بێ ئەم خەتە بخوێنێتەوە و بەسەرهاتی ئەو تێبگا؟ دیسان لەحن تەنزە، بەڵام تەنزێکی ڕەش و تاڵ.

- ئەگەر خوێنەر لە ڕووی چلۆنایەتیی هەر ڕووداوێك بتوانێ ڕووداوی پاش ئەو پێش‌بینی بکات، چاوەڕوانی لە چیرۆکدا زیان دەبینێ.

گەڵاڵەی چیرۆك دەبێ وەها دارێژرێت کە خوێنەر تا کاتێ کە چیرۆك بە «ئەوج» واتا ئەوپەڕی سەرسووڕهێنەری و سەرنج ڕاکێشەریی خۆی نەگەیشتووە پێی نەگات.

بە ڕێکەوت هی واشیان بوو ئانایەکی دەدایە و دەیگوت: باوکم تۆ ناتوانی کار بکەی، ئەوە بدە بە کولێرەیەك و واز بێنە. حەمەڕەش ئانەکانی وەرنەدەگرت و دەیگوت: لالۆ من گەدایی ناکەم ... پاش ئەو بەسەرهاتە، نە خوێنەر و نە حەمەڕەش چاوەڕوانی ئەوەیان نەبوو کە داوا کردن و دەست درێژ کردنی ئەو ئاکامی ئاوای بێت ئەویش لە کۆشکێ بە قەولی نووسەر تەرز و بەرزی ناو حەوشەیەکی وێدەچوو بەهەشتی سەرزەمین بێت: ئێژن لەو دونیا بەهەشت هەس، کەچی ئەمانە هەر ئیسەوان لە بەهەشتا. حەمەڕەش لە وەڵامی نۆکەری ئاغادا دەڵێ: تۆ گوێت تێوە نەبوو، من داوای نانم کرد، خانمی چی، شتێکم گەرەکە بیخۆم نەك گەمەی لە تەکا بکەم «تەنز»

- ڕێئالیستەکان دڵەخورپەیان چ نووسینە
  مۆدێڕنیستەکان دڵەخورپەیان چۆن نووسینە
  پۆست مۆدێڕنەکان دڵەخورپەیان چۆن نووسینی چلۆنایەتییەکانە

مامۆستا وەك چیرۆکنووسێکی ڕێئال بە هۆی کەڵك وەرگرتن لە زمانێکی شیاوی چیرۆك نووسین و فۆرم و ڕواڵەتێکی نوێ دەفرومانا لە چیرۆکەکانیدا پڕ بە پێستن.

- بە گوێرەی خشتەی کورتە چیرۆك:

| کەسایەتی | کەم | هۆ، بەرتەسکی کات و شوێن |
|---|---|---|
| وەسف | کورت و بەپەلە | بە شێوەی دیالوگ، لە ڕێگەی کاراکتێرەکانەوە |
| بیرەوەری | تەنیا کەسایەتییەکان | ڕووداو لە بیردەچێتەوە |

لە چیرۆکەکانی مامۆستا (ئەو چەند چیرۆکە لانی کەم): کەسایەتییەکان لە بابەت ژمارە، ڕادەی حوزوور و گرینگیان بەو ئەندازەیەیە کە پێویستە. وەسف کورت و بەپەلە نییە، بەڵام بەشێکی لە ڕێگەی کاراکتێرەکانەوەیە. بیرەوەری ڕووداو تەوەرە.

## قوڕئان خوێندن لەجیاتی پارەی بەرتیل:

- تێم یا تێزی چیرۆك تێئورییەکە کە لە ئەزموونی نووسەر دەدوێت و دەبێ ئەو تاقیکارییانەی دیبێ و بیستبێ.
- عینوانی چیرۆك ویترینی چیرۆکە، یا بڵێین کولاوچکەیەکە کە خوێنەر دەتوانێ پێیدا شۆڕ بێتەوە بە ناخی چیرۆکدا.
- دەسپێکی چیرۆك، دەبێتە هۆی هەست بزوێنی و بیربزوێنی خوێنەر و گەڵاڵەی چیرۆك ئاشکرا دەکات.
- نووسەر لە زمانی تاکەکەسی سێهەم وەك: حوسێن قوڵی، ڕەزایی، ڕەجەب قولی، مەلا کەریم و حەمەشەریف لە دەرەوەی چیرۆك ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە و بۆ وەسف و ئاشکرا کردنی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتییەکانی لە «کاراکتریزاسیۆن» واتا وەسف لە ڕێگای کردەوەوەی کەسایەتییەکان کەڵك وەردەگرێت.

- نووسەر جگە لە شوبهاندنی کاراکتێرەکان بە شێوەیەکی غەیری ئاسایی وەك شوبهاندنی حوسێن قولی بە کووپەی ترخێنە و ... وەك کۆمەڵناسێك لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ئاکار و بڕواکانی مرۆڤ، لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا پێگە وە بەستراون و لای وایە کە ئەدەبیات و زمان عوسورگەلێکی کۆمەڵایەتین کە لە بارودۆخێکی مێژوویی – کۆمەڵایەتیدا بە دی دێن وەك: خوڵقاندنی ئاسەواری حیماسی کۆمەڵگایەك کە مرۆڤ ڕووحیەی شەڕخوازیانەی هەیە یا پەنابردن بۆ عیرفان و خانەقا و تەکیە پاش هێرشی مغوول و ... (قاعیدەی زەرف و مەزرووف)

## چەند نموونە فەزای ئەوکاتی کۆمەڵگا بە وێنە دەکێشێت:

ڕەزایی ڕوو بە حوسێن قولی: ئەم مانگە وەزعەکەمان زۆر شپرزەیە، ئەگەر مەعاشەکەی خۆشم و ئێوەشی بخەمەسەر دەرناهێنی. پێنجسەد تمەن لە کوێ بێنم؟

ڕەزایی: شتێکی سەیرە! تۆ چەند ساڵە ژاندارمی، کەچی ئێستا قسەی ئاوا دەکەی! مەگەر نازانی سەرهەنگ ئەم جۆرە قسانەی بە گوێچکەدا ناچێ؟ شتی وای پێبگوترێ دەسبەجێ هەمووومان دەگوێزێتەوە. لەوانەیە گێچەڵێکیشمان بۆ سازکا. ئەگەر شتومەکی خۆشمان فرۆشتبێ. دەبێ پارەکەی بۆ تەواو کەین. نووسەر ناڕاستەوخۆ ئاشکرای دەکات کە مەئمووورانی ڕەدەباڵا چۆن ئەو پۆستانەیان بە ئیجارە دەدا و ... و ئەگەر مەئموورەکانی پلەخوارەوە لەگەڵ ئەوان هاوکارییان نەکردبایە بە سەروماڵەوە تێدادەچوون.

نموونەیەکی دی لە تەنزدا. حوسێن قوڵی: بۆ چی ناکرێ؟ چارەنییە. ئێمە پیاوی دەوڵەت دەبێ زەحمەت بکێشین. (کە پیاوی دەوڵەت و زەحمەت کێشانی ئاوا جگە لە تانەوتەشەر و لەحنێکی «مەسخەرە» چی دی نییە.)

ڕەزایی: ... تەنیا دەوسیەی مازادی پارەکە هەیە، ئەویش ئێستا بەم بەهارە مازادی چی؟ «دەوسیەی مازاد»یش هەروەتر.

وەك نەقد: خۆی لە خاوەن مڵکە گەورەکانی کەسانێ کە دۆستایەتییان لەگەڵ سەرلەشکر و سەرهەنگ و شتی وا هەبوو بوارد، ڕووی کردە خاوەن مڵکە ناونجییەکان. ئەوەی مازادی لەسەر مابوو ١٥ – ٢٠ تمەنی لێ ئەستاند. ئەوەی لەسەری نەمابوو دەیگوت ناوت لەگەڵ ئەوانە هاتووە کە نەیانداوە. ئەملا، ئەولا، ئاخری بە ٥ –٦ تمەن وازی دەهێنا کە ئەو سەفەری وەبەر نەخا.

حوسێن قوڵی و سەیدحەسەن لەوێ دەستیان کرد بە سەودا دوای چەند لێدانێکی زۆر لەسەر دەتمەن ڕێك کەوتن و لە حاجیکەندیش هەروا.

مەلاکەریمی دارەگردەڵەکە حوسێن قولی دی سپی هەڵگەڕا و قورئان خوێندنەکەی لێ تێکچوو گوتی: «من لە ڕێی هیچدا نیم، کارم بە چاك و خراپی دنیا نییە و ...» ڕوونە کە خۆی دەکا بە «مەڵحەکە»ی حوسێن قوڵی و «ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە» لە ترسی ئەو تەعتیل دەکات. «مەڵحەکە» کە لە فەرهەنگی دێهخودادا ئەو مانایانەی هەیە و لە نەوعەکانی تەنزدا هاتۆتە ئەژمار: لەتیفە، بەزلە، ئەوەی دەبێتە هۆی پێکەنین و مەڵحەکە.

حوسێن قوڵی: گوێ نادەیە قانوونی دەوڵەت، نە شەپکەت لە سەرە نە چاکەت و پانتۆڵت لە بەرە. مەگەر ئەمە بێقانوونی نییە؟

تەنز: ئەوەش کومێدی نوێیە (New comedy) کەڵك وەرگرتن لە کەسایەتیی قاڵبی (ئەوەی کە لە مۆدێڕنیسمدا لە زەینی ڕەزاخاندا بوو) لە بارودۆخگەلی واقیعیدا.

تەنز: حەمەشەریف، حوسێن قولی بە پێنج تمەن لە مەلا ڕازی دەکا، مەلاژن لە پڕ و پریسکە دوو تمەن دەدۆزێتەوە. حەمەشەریف لەگەڵ تمەنێکی خۆی سێ تمەن بە حوسێن قولی دەدا، حوسێن قولی ڕوو دەکاتە مەلا دەڵێ: مامۆستا لەبەر خاتری قورئانەکە ئەوە وەریدەگرم، بەڵام دایکم دوو سێ مانگە مردووە لە جیاتی دوو تمەنەکە قورئانی بۆ بخوێنە.

# مامۆستا قزڵجی لە چێشتی مجێوردا

ئامادەکردنی: فارووق فەرهاد




لە سەرەتای کۆمەڵی "ژ ـ ك"، چاپخانەیەکی دەستی چکۆلەی هەرزانمان کریبو. روسان بە ناوی یارمەتی فەرهەنگی، چاپخانەیەکی گەورەیان داینێ کە رۆژنامەی پێ چاپ پکەین و بۆ هەر کارێ دەکاری بێنین. چاپخانە چکۆڵەکە درا بە بۆکان، دەگەڵ کاك " حەسەن قزڵجی "چەند نەشرە و نوسراومان پێ چاپ کرد و گۆڤاری "هەڵاڵە"مان دەرخست. هەوەڵ ژمارەمان بۆ پێشەوا برد. تۆنێك کاغەزی خەڵات کردین. کە هاتیشمەوە سابڵاغ قزڵجی دەگەڵ کۆنە مامۆستاکەم : سەید محەممدی حەمیدی " کە سەر نووسەری رۆژنامە بو، هاوکاری دەکرد. "هەڵاڵە" چوار ژمارەی دەرچو.

*هەژار... چێشتی مجێور .... لاپەرەی ٨٧*

بەرەبەری نەورۆز قزڵجی و مام غەفور و من و هەمزە چوینە گوندی (سیتەك). پاش دو رۆژ میرزا رەحمان یەك باری کوتەکی کتێبی بۆ ناردین کە وەرەز

نەبین. کتێبی چۆن؟ هەر لە تالیفاتی مارکس و ئینگلسەوە تا خەباتی منی هێتلەر، لە حەدیس و شەرعەوە تا تەرجەمەی کتێبی بێ شەرمانەی بازاڕیی " سان دۆنی" پاریسی، تا کەرامەتی شێخ حیسامەدین. خولاسە ئەوەندەی دژ لێك کۆکردبۆوە کە باسی نەکرێ.

رۆژانە من و هەمزە بە تفەنگێکی تاپڕی شێخەوە دەچوینە راو، سوێسکە و کۆتر و کەومان راو دەکرد. قزڵجی لە ماڵەوە کتێبی دەخوێندەوە. شەو حاسڵی راومان دەخوارد و گوێمان لە قزڵجی دەگرت کر وەك حکایەت خوانی لەزەبر، چی خوێندبۆوە دەیگێڕاوە.

شەوێك قزڵجی لە مەلا عەولای پرسی:

- ئەگەر کەرێك زۆریش تێر بێ، وێنجەی تەڕی بۆ بەرن نای خوا؟

- جا ئەوە پرسیای دەوێ؟

- دە بڕوانە لەم کتێبەدا دەڵێ: شێخ حیسامەدین چوبوە باغێك، کەرێك لەوێ بەسترابۆوە، فەرمووی ئەو کەرە دەڵێ: برسیمە. وێنجەیان بۆ برد خواردی!

گوتی: چ سەگبابێك نوسیویە؟

- خەلیفە مەحمود.

- جێنو بە خەلیفە نادەم، بەڵام قسێکی بێ تامە!

*هەژار .... چێشتی مجێور ...لاپەرەی ١٠٤*

*نانمان هەبو، پێخۆرمان کەم بو، ماست هەر دەس نەدەکەوت. رۆژێك دەگەڵ قزڵجی لە سەر مانای شیعرێك کێشەمان بو، قزڵجی گوتی: بە ماست، بە مریشك سوێند ئەخۆم قسەی من راستە!

- یانی چی؟

- ئاخر ئەگەر ئەوانە موقەددەس نین بۆ کەس نایان خوا؟!

*هەژار .... چێشتی مجێور ،،، ل... ١٠٦*

*پەنامان بە مام و ئاموزای قزڵجی برد ئامۆزاکەی جەمە نانێکی داینێ، مامیشی نسحەتی کردین ببینە واکسی لە بەغدا و ئیتر نەمان دیتنەوە. با خۆمان حەولی کار بدەین. ئوتێل دەری نەدەهێنا بەجێمان هێشت. کۆنە خانێك هەبو

بەناوی (منزل السرور) چەند وەتاغێکی شڕ و شەویقی تێدابو، ەرتاغێکمان مانگی بە دینارێك گرت. دوو تەختی هەرزانی نوستن مەنجێکی ئەڵمونیوم، دوو قاپ و کەوچکێك کەتری و چادان و ئیستیکان، تاوەیەکی قوڕکێشی بۆ جل شوتنمان کڕی، دامەزراین. وەتاغەکانی تەنیشتمان هەر یەکەی یەکی لە ئێمە بەدبەخت تری تێدا بو. من کەرستەم لە بازار دەکڕی و قزڵجی ئاشپەز و چاپەز بو. سەر و حەسیر و پەتوشمان هەبو. بە قەولی قزڵجی" سیرمان دەخوارد و زوڕنامان لێ دەدا ". چێشتی هەرە خۆشمان یارەڵماسی و پیوازاو بو.
بەیانی‌یەك بە قرپ و هۆڕی پێکەنینی قزڵجی وەخەبەر هاتم:
ـ خێرە؟
ـ خەونم دیوە، کابرایەك لە خەوما گوتی: بۆ ناچنە مەرقەدی غەوس بۆ کار بپاڕێنەوە؟
قزڵجیەك کە بە عومری خۆی عاقیدەی بەو شتانە نەبو لەو ناچاریەدا تەواو دڵگەرمی خەونەکەی بو. چوینە زیارەتی غەوس و پاراینەوە، بەهرەی نەدا.
چەند رۆژێك پێ چو خەونێکی دیکەی دیبو:
ـ کابرایەك لە خەوما گوتی: غەوس چکارەیە؟ بۆ ناچیە زیارەتی ئیمام موسا کازم؟
ناچاری هەموو کار بە پیاو دەکا. چوینە کازمین و داوای کارمان کرد، بەڵام لە گوڕانەوەدا بیست فلسی ئوتوبوسمان نەبو. بە پیادەیی گەڕاینەوە بەغدا. ئیمامیش وەك غەوس گوی بە کلاوی نەپیواین.

*ل ...١١٥ـ ١١٦*

*ئامۆزایەکی قزڵجی شیرەشوانەی هێنابۆوە، دوکانوکێکی پەیدا کردبو کە قزڵجی شەربەتی تێدا بفرۆشی. بەختی قزڵجی لە تەنیشت ئەو ئوتێلێك دروست دەکرا کە پێشتی دوکانەکەی ئەو گیرابو. کەسی پێدا رانەدەبرد. شەربەت گەرم دادەهات و سەهۆلی تێ دەخرایەوە و بە نەفرۆشراوی دەمایەوە، ئەویش چی لێ پەیدا نەبو.
رۆژێك لە چێشتەنگاودا چومە لای قزڵجی، بۆ هەوەڵجار دیتم گریا بو.

ـ خەبەر چیە؟
ـ کاکە ئەوە ژیان نی‌یە، وەرە با بچینەوە سولەیمانی، هیچ نەبێ کوردستانە و ئاشنا و روشنایەکمان هەیە.
ـ تۆ خۆت دەزانی بەڵام هەر گا بیستەوە کەلاکێکی لە برسان مردویان لە کۆلانی بەغدا دیتەوە ئەوە بزانە منم. یان کار پەیدا دەکەم یان بە ناهومێدی سەر دەنێمەوە.
ـ ئێستا پوڵی قەتارم هەبا دەچوومەوە کوردستان.

*ل ...١١٩*

*دێتە بیرم کە تازە دەگەڵ قزڵجی لە خانونەکەی بەغدا بوین. چوم برینج بکڕم، بەقاڵ گوتی: "شگەت". بەغار هاتمەوە لە قزڵجیم پرسی، نەیزانی. خۆم گەیاندە مام ۆوسێن گوتی: یانی چەند؟ بە قزڵجیم گوت: ئەوە عەرەبی نی‌یە گوخواردنە!
گوتی: برام ئێمە ئیحتیاجیمان بەو گوخواردنە هەیە!

*ل ... ١٤٩*

*قزڵجی لە خانێکی توتن و مازو کڕین لە لای عەبدول قادر ئەفەندیەك کاری دۆزیەوە، کەسێك " پیکەنینی گەدا "ی خوێندبێتەوە سوزانی قزڵجی لەوێ چۆن ژیاوە و بۆچی دەرکراوە، بەیانی زوو من دەچومە سەمونی گەرم و پێخۆر کڕین، زەبیحی چای لێ دەنا، قزڵجیش هەر خواردنی لەسەر بو.

*ل ... ١٧٩*

*بەهۆی مستەفا کوێر ناوێکی بە چاوێك کە خۆی بە خزمی زەبیحی دەزانی، زەبیحی و قزڵجی لە کافە رستورانێکی هەرە بەناوبانگی بەغدایە، کە خاوەنەکەی عەبدوڵلا شەریفی کۆنە ساباڵاغی و میلیۆنیر بو، بۆ نووسەر دامەزران.

*ڵ .... ١٨٠*

*زەبیحی و قزڵجی لە مەحەللاتی شەریف گیران و خرانە گرتوخانەوە. زوو ئیقراریان کردبو کە ئیرانین. ئیتر عەبدوڵلا شەریف نەیتوانی بەریاندا، نزیك

ساڵێك مانەوە و ئاغاكان زۆر مەردانە یاریدەدەی دەدان. دایاننەوە دەست ئیران. سەردەمێك كە من شاگردی وەستا برایم بوم. قزڵجیش هاتۆچۆی عەكاسیەكەی دەكرد و فێری رتوش و وردەكاری تر ببو. ڕۆژێك سەیدێكی جحێلیكەواشۆڕ لە دوكانی وەستا روی دە ئێمە كرد: برا من ناوم سەید ئیبراهیمی ... ئەگەر دنیا بو ڕێگەتان كەوتە قەسری شیرین سەرم لێ بدەن. لە هەر كەس بپرسن دەمناسن. عیراقی لە خانەقینەوە داویانن بە پۆلیسی ئێرانی و رەسیدیان وەرگرتوە. لەو ساڵە حەبس و زۆر لێ پرسینەدا ناو تێكەلاوبون. زەبیحی كە ناوی روالەتی قادرە سور و لە پاش گیران گوتویە عەبدورەحمان حەمەدەمینم، ناوەكە بۆتە حەمەدەمینی قاڵەسوری سەعید رەحیمەكەی قزڵجیش كە دوایە بۆتەوە حەسەن عەلی، بۆتە عەلی رەحیمی سەعیدی. ئەم ناوانەش وەك دوو گوناحباری سیاسی لە دەفتەری سنوروانانی ئێرانی دا نی‌یە. ئەوانیش وەك ئەو هەموو بۆیاغچیانە حیساب كراون كە پەستا عیراقی دەیان دەنەوە بە ئیران ئەوەشمان لەبیر نەچێ لەو چەند ساڵەدا زەبیحی و من زۆر باش فێرە عارەبی ببوین بەڵام قزڵجی هەرچەند مەلا بو عەرەبی ناو كتێبی زۆر باش دەزانی ئێستا و ئیستاش وەك لازمە فێری عەرەبی بەغدایی نەبو كە نەبو . ئەگەر قسەی دەكرد دەتگوت پیرە مەلای عەجەمە و لەسەر مینبەر رەوزەخوانی دەكا! زۆر جار جوابی عەرەبانی بە كوردی دەداوە.

زەبیحی كوتی ئەو رۆژە كە دایانینەوە بە ئێران سەرهەنگێكی زۆر بێ شەرمی قسەقوت بازجویی لێ دەكردین بە منی گوت: ئێوە چكارێكتان كردوە كە دەوڵەتی هاوسامانتان تورە كردوە؟

ـ جەناب ئێمە دەس فرۆشی ناو بازار بوین بێ خەتاین.

ـ باشە ئاغای سەعیدی تۆ قسە بكە.

ـ نەعەم؟!

سەرهەنگ هەر نەعەمی بیست، راستەوە بو چەقەنەی لێ دەدا و قنگی بادەدا:

ـ ڤەن نەئەم! ئاغای ئێرانی، ئەم نەئەمەت لە كوێ هێناوە؟!

